https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.10

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# بەخشین و دیاری لای دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە میسر و وڵاتی شام لە ماوەی نێوان ساڵانی (٥٦٩-٦٤٨ ک/١١٧٣-١٢٥٠ز)

پ. ی. د. مقداد حیسن طه

زانکۆی سەلاحەدین /کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

Miqdad.taha@su.edu.krd

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی کلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگای ئەیوبییە لەو سەردەمەی کە فەرمانڕەواییان تێدا ئەنجامداوە. لەمەشدا مەبەست  لە سنووری خاکی کورد نییە، بەڵکو لە دەرەوەی سنووری وڵاتی کوردان لەبارەی بەخشین و دیارییە هەمە چەشنەکان لە بۆنەکانی هاوسەرگیری و منداڵبوون و ڕێکخستنی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ناوەخۆ و دەرەوە، بەهۆی سەرکەوتنەکان و ئاشتەوایی نێو بنەماڵەی ئەیوبییەوە لە کاتی گرژی و ناڕێکیدا، جگە لەمانەش خەڵاتی زانایان و ئەدیبان و هەژارانشینانیان کردووە لە بۆنەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا چینەکانی تری کۆمەڵگا فەرامۆش نەکراون لە بەخشین و دیاری پێشکەشکردن.

وشە کلیلییەکان: ئەیوبی، کورد، بەخشین، دیاری، بۆنەکان، سەرکەوتنەکان، زانایان.

## بەخشین و دیاری لای دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە میسر و وڵاتی شام لە ماوەی نێوان ساڵانی (٥٦٩-٦٤٨ ک/١١٧٣-١٢٥٠ز)

## پێشەکی

توێژینەوە لە بواری شارستانیی ئیسلامی، بە تایبەتیش لایەنی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا تایبەتمەندی و گرنگیی خۆی هەبووە، ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای ڕەگەز بنیات نەنرابوو، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەگەزی جیاجیای گرتبووەخۆ، کە گرنگییەکەی لەوەدا خۆی دەبینیەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی ئەم دەوڵەتە بخاتەڕوو، لە ڕێگای هاوکاری و هەماهەنگی بە پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری لە نێوانیاندا، بۆ زێدهکردنی خۆشەویستی و بەهێزکردنی پردی متمانە لە نێوان دەسەڵاتدار و تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا، ئەمەش خۆی لە دەرخستنی کلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگای ئەیوبی دەدۆزیەوە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە تا ڕادەیەک ئامانجی سەرەکیی خۆی لە ڕووی مێژوویی و زانستیەوە پێکاوە و هەوڵدراوە کە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی پەیڕەوبکرێن، لەسەر بنەمای پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی و ژێدەرەکانی تایبەت بە بابەتەکە، ئەم زانیارییانەش گەواهیدەرن لە پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری لە دەوڵەتی ئەیوبیدا کە شێوەی نەریتی بەخۆوە گرتبوو لە نێو کۆمەڵگادا.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەش دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرەی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. لە تەوەرەی یەکەمدا: زانیاری لە بارەی پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا

خستراوەتەڕوو، وەک بۆنەی هاوسەرگیری و منداڵبوون و بۆنەی جەژنەکان.

تەوەری دووەمی توێژینەوەکەش تەرخان کراوە بۆ پێشکەش کردنی بەخشین و دیاری لە بۆنە سیاسیەکاندا، وەک بۆنەی لایەنگیری وسەرکەوتنەکان و بەهێزکردنی پەیوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان.

لە تەوەرەی کۆتاییشدا: تیشکخراوەتەسەر ڕۆڵی زانایان و ئەدیبان، ئەم ڕوناکبیرانەش فەرامۆشنەکرابوون  لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لە پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری، چونکە ئەوان ڕۆڵی ئەرێنییان هەبووە لە نێو کۆمەڵگادا، و هەر ئەوانیش داینەمۆی بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی زانست بوونە، نەک تەنها لە سەردەمی ئەیوبیدا، بەڵکو لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا.

## تەوەرەی یەکەم: پێشکەشکردنی دیاری و بەخشین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا

### ١/ لە بۆنەکانی هاوسەرگیریدا

هاوسەرگیری بە گرنگترین پێویستییەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت، لەبەرئەوەی بنەمای دروستبوونی خێزانە و پارێزگاریکردنە لە بەردەوام بوونی ژیان و پاراستنی هەردوو لایەن لە دوورکەوتنەوە لەو کارانەی کە شەریعەتی ئیسلام بە پەسەندی نەزانیوە و بەلاوەی ناوە، جگە لەوەی کە شەریعەتی ئیسلام سنوورداری کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکەوێتە بەر کاریگەریی دابونەریتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایەی کە هاوسەرگیرییەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت لەو سەردەمدا.

ئەو بەخشین و دیارییانەی کە پێشکەش بە ئافرەتەکە کراوە لە سەردەمی ئەیوبیدا (٥٦٧-٦٤٨ک/١٢٥٠ز) بە ناوی (الصداق) هاتووە، ئەو

بڕە پارەیەش ڕێژەیەکی زۆر بووە ئەگەر بەراوردبکرێت بە چینی گشتیی کۆمەڵگا، هەروەک سەرچاوەی مێژوویی ئاماژەی کردووە لەساڵی (٥٨٧ک/١٩١ ز) معزالدین قیصر دەسەڵاتداری ڕۆم داخوازی کچی مەلیک عادلی ئەیوبی کردبوو و سەد هەزار دیناری پێبەخشیبو. (فایزە،٢٠٠٣، ص٥٠) ئەم زیادەڕۆییە لە بەخشین دیارە مەبەستی سیاسی لەپشتەوە بووە، چونکە کاتێک معزالدین قەیسەر لەگەڵ بنەماڵەکەی توشی گرژی و ئاڵۆزی ببوو، پەنای بۆ لای سەلاحەدین بردووە، ئەویش زور ڕێزی لێناوە، لەماوەی مانەوەی لەتەک سەلاحەدین، داخوازی کچی مەلیک عادلی کردووە، ئەوەش ببووە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی بەرانبەر بە براکانی و توانیبووی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و بێ ئەوەی براکانی بتوانن چاو ببڕنە دەسەڵاتی (ابن الاثیر، ١٩٧٨، ٢١٨/٩؛ ابي الفداء، ١٩٩٧،٢/167)، وادیارە داخوازیی کچانی بنەماڵەی ئەیوبی نەریتی تایبەت بە بنەماڵەیان هەبووە، دەبوایە بڕە پارەیەکی زۆر بە کچەکە ببەخشرێت، هەروەک أبوشامة (٦٦٥ک/١٢٦٦م) ئاماژەی پێکردووە لە ساڵی (٦٠٧ک/١٢١٠ز) نورالدین ارسلان شاه[1] دەسەڵاتداری شاری موصل داخوازی یەکێک لە کچەکانی مەلیک عادلی کردبوو لە قەڵای دیمەشق کە سی هەزار دیناری پێبەخشیبوو. (ابوشامة،١٩٧٤،ص٧٦)

ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە لە بەخشین و پێشکەشکردنی دیاری لە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بە تایبەتیش لە بۆنەکانی هاوسەرگیریی نێو ئەو بنەماڵەیەدا، کە لە ساڵی (٦٠٩ک/١٢١٢ز) مەلیک زاهیر داخوازی (ضیفة) خاتوونی کچی مەلیک عادلی مامی کردووە، لە ڕێگای شاندی تایبەتەوە کۆمەڵێک دیاریی بەنرخی ناردبوو بۆ دیمەشق (المقریزي،١ ،٢٩٥/٩٩٧؛ ابن الفرات،١٩٧٠، مج٥/١٢٥/١٢٦)، هەروەک سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکردووە کە بڕی پەنجا هەزار دیناری بەخشیوە. (ابن واصل،٢١٣/١٩٥٣،٣؛ ابن الوردي، ١٢٩/١٩٩٦،٢؛ الذهبي،٢٠٧/٢٠٠١،١٦؛ النعیمي،١٩٩٠ ،١/٢٦٠) لە دوای تەواوبوونی

گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە پارەیەکی زۆر بەسەر ئامادەبووان دابەشکرا (الدواداري، ١٧٨/٧) و لە شاری دیمەشقیش لەماڵی باوانی (ضيفة) خاتوون کۆمەڵێک دیاریی گرانبەها پێشکەش بە خاتوون کران، وەک کوتاڵ و کەلوپەلی جوانکاری، کە باری پەنجا هێستر و سەد وشتری خوراسانی و سێسەد وشتری دیکە (العيني،٢٠٠٧، ٢٦٧/٣) و کۆمەڵێک کەنیزە بە حەریر و کەلوپەلەوە کە باری سەد وشتر بوون (ابن واصل،١٩٥٣، ٢١٣/٣؛ المقريزي،١٩٩٧، ٢٩٥/١)، لەو کاتەی کە کەژاوەی بووک گەیشتبووە شاری حەلەب، مەلیک زاهیر خۆی و سەرکردەکان و ناودارانی شار پێشوازییەکی شایستەیان لێکردووە و کەلوپەلی گرانبەهایان پێشکەشکردووە، وەک: پێنج گەردانەی شاهانە کە بەهاکەی سەد و پەنجا هەزار درهەم بووە (ابن واصل،١٩٥٣،٣/٢١٣؛ ابن الفرات،١٩٧٠، مج٥/١٢٧) لەگەڵ دە گەردانەی عەنبەری زێڕین و پێنج گەردانەی عەنبەر و سەد و پەنجا پارچە خشڵی زێڕ و زیو و دە بار وشتر لە جل و بەرگی ناوازە (العيني،٢٠٠٧،٣/٢٦٧)، بەڵام (الدواداري ٧٣٦ک/١٣٣٥زم) بە جیا ناوی دوو سەد و حەفتا جل و بەرگی ئەتلەسی هێناوە لەگەڵ دوو سەد پارچە خشڵی زێڕ و زیوی سەیر کە لە دروستکراوی خاچدروشمەکان بووە. (الدواداري،١٩٧٢،٧/١٧٩)

ئەم بەخشینە تەنها لە نێو سنووری بنەماڵەی ئەیوبی نەبووە، بەڵکو گەورەپیاوانی دراوسێش بە کاڵای گرانبەها بەشدارییان لە بەخشیندا کردووە، کە مەزندە کراوە ئەو دیاریانەی کە بەخشیویانە باری هەزار وشتر بووە، جگە لەوان چینی خەڵکیش بەشدارییان لە پێشکەشکردنی دیاری کردووە لەو بۆنەیەدا (الدواداري،١٩٧٢، ١٧٩/٧)، بەڵام واپێدەچێت چینی خەڵک بە ئەندازەی خۆیان دیارییان پێشکەشکردبێت، چونکە هیچ سەرچاوەیەک زانیاری لەبارەی ئەو دیارییانە بەدەستەوە نادەن، کە چینی خەڵک پێشکەشیان کردووە، وا دەردەکەوێت بنەماڵەی ئەیوبی زۆر ڕێزیان لە کچ ناوە بە تایبەتیش لە کاتی هاوسەرگیریدا بە پێشکەشکردنی دیاریی

هەمەجۆر و گرانبەها لە کەلوپەل و خشڵ و زێڕ. ئەمە جگە لەوەی ئەو ژنخوازییە و دیارییەخشینە مانای پلە و پایەی سیاسی بۆ ئافرەتەکە و بنەماڵەکەشی دەگەیاند، واتە ڕێژەی زۆریی دیارییەکان و نرخیان بە ئافرەتی خاوەن پلەوپایەی تایبەت دەدرا، تەنانەت لە سەردەمی نوێشدا باوە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆرجار ڕێژەی ئەو دیارییانە دیاردەکەن کە بە ئافرەتی خواستر و دەدرێن.

ئەم شێوە بەخشینە لە ماوەی توێژینەوەکە (٥٦٩- ٦٤٨ک/١١٧٣-١٢٥٠ز) بەردەوام بووە، هەندێک جاریش کە ژیانی هاوسەرگیری لە نێوان دوو دەسەڵاتداری ئەیوبی ئەنجامدراوە  شێوەی ژنبەژنی بەخۆیەوە بینیبوو، لە ساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) ئەو بەخشینەی کە لە نێوان هەردوو بنەماڵەدا پێشکەش کراوە هاوشێوە بووە، هەروەک دەردەکەوێت لەم جۆرە ژنخوازییەدا لە نێوان (اسدالدین و الملک المعظم) کراوە، بەخشینی هەرلایەنێک بۆ ئەوی تر سی هەزار دینار بووە (الذهبي،١٩٨٩، حوادث ٦١١-٦٢٠ک/٣٥)، هەندێک جاریش ئەم شێوە ژنخواستنە لە دەرەوەی بنەماڵەی ئەیوبی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی دەسەڵاتدار بوونە. هەروەک ئاماژە پێکراوە لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٧ز) سوڵتان غیاث الدین داخوازی غازیە خاتوونی کچی مەلیک عەزیزی کردووە (ابن العدیم،٣،١٩٥٤/٢٣٧-٢٣٨؛ ابي الفداء،١٩٩٧، ٢/٢٦٥)، بەرانبەر ئەویش مەلیک ناصر مەلیکە خاتوونی خوشکی غیاث الدینی خواستووە و بەخشینی هەردوولا بۆ یەکتری پەنجا هەزار دینار بووە. (ابن واصل،١٩٥٣، ٥/١٨٤-١٨٥) هەر لەو کاتەشدا ئەو بڕە پارەیەی کە لە لایەن مەلیک غازی بەخشرا بوو نزیکەی هەزار دینار بووە (ابن العدیم، ٣/٢٤٠)، لە کۆشکی سوڵتان غیاث الدینیش هەندێک دیاری بەخشرابوو کە پێکهاتبوو لە دینار و درهەم جگە لە زێڕ و پۆشاک (ابن واصل، ٥،١٩٥٣/١٨٥؛ ابن العدیم، ٣،١٩٥٤/٢٤٠).

دیاردەی بەخشین و دیاری باو بوە لەنێو بنەماڵەی ئەیوبیدا، بەتایبەتیش لە بۆنەکانی ژنخوازی و گواستنەوەدا، کە برە پارەیەکی زۆر و کەل و پەلی گرانبەهیان کردبوە دیاری، ئەمەش ببوە نەریتێک، هەروەک ئاماژەی پێکراوە لەسالی(٦٢٦ک/١٢٢٨ز) کاتێک داخوازی فاتیمە خاتونی کچی مەلیک کامل کرابو بۆ مەلیک عەزیزی کوڕی سەلاحەدین بڕی پەنجا هەزار دینار وەک (صداق) دیار کرابو، لەو کاتەشدا مەلیک کامل جل و بەرگیکی زۆری بەخشیبوەوە بەسەر زانایان و هاوڕێیانی (ابن العدیم،١٩٥٤، ٢٠٦/٣-٢٠٧)، جگە لەم دیاریانە کۆمەڵیک دیاری تری بەنرخیش پێشکەش کرابو وەک زێڕو درهەم و کەنیزە و پۆشاکی تایبەت (ابن واصل،١٩٥٣، ٢٥٥/٤)، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بەردەوام بوە وەک نەریت لە نێو بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی ئەیوبی و لەگەڵ هەر مارە بڕینێکدا پەنجا هەزار دینار بەخشراوە، چونکە لە ساڵی (٦٤٣ک/١٢٤٥ز) کاتێک کە مەلیک مەنصور عائشە خاتونی کچی مەلیک عەزیز دەخوازێت پەنجا هەزار دینار پێشکەش دەکات (ابن واصل،١٩٥٣، ٣٥٧/٥). ئەم بەخشین و دیاریانەی کە لەم بونەیەدا پێشکەش بە یەکتریان کردوە گوزارشتی لە هاو سۆزی و پەیوەندی بە هێزی هەردولا کردۆتەوە.

لە ئەنجامی تێڕامان و وردبوونەوە لە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی لە ماوەی (٥٦٩-٦٤٨ک/١١٧٣-١٢٥٠ز) وا دەردەکەوێت کە لە ژیانێکی خۆشگوزەرانیدا ژیابن، چونکە ئەو بەخشین و دیارییە گرانبەهایانەی کە پێشکەشکرابوون لە بۆنەکانی خوازبێنیدا زێدەڕۆیی زۆری پێوە دیاربووە، بە بەراورد بە چینی گشتی، ئەوانەش گەواهی ئەو ڕاستییەن. چونکە لە چینی گشتیدا لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا بەخشین هەزار دیناری تینەپەڕاندووە. (ابن الفوطي،١٩٣٢،ص١٠٢)

## ٢/ له بۆنەی منداڵبوون:

لەدایکبوون بەبۆنەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی دانرابوو، ئەویش ببووە مایەی خۆشیی ئەم خێزانە و ئاهەنگی تایبەتی بۆ سازدەکرا و دیاری و بەخشینی نایابی پێشکەش دەکرا و پیرۆزبایی لەم خیزانەش دەکرا، چونکە ئەم کۆرپەیە بە دیاریی خودا دانرابوو و پێیان بەخشرابوو بۆیە باوانیش دیارییان دەبەخشیەوە و پێشکەش بە کۆرپەش دەکرا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم دیاری و بەخشینانە تەنها بۆ نێرینە کراون، هیچ دەقێکی مێژوویی لە ماوەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی نەکردووە کە بۆ مێینەش ئاهەنگ سازکرابێت چەشنی ئاهەنگی نێرینە، بەڵام لە بۆنەی هاوسەرگیریدا شکۆی مێینەش لەبەرچاوگیراوە و پارێزراو بووە.

لەم بۆنەیدا سەرچاوە مێژووییەکان بە وردی ئەم بەخشین و دیارییانەیان خستۆتەڕوو کە پێشکەش بە کۆرپە ساواکە کراوە، هەروەک (ابن واصل م٦٩٧ک/١٢٩٧ز) ئاماژەی کردووە کە لە ساڵی (٦١٠ک/١٢١٣ز) کاتێ مەلیک عەزیز لە باوانی مەلیک زاهیر و (ضیفة) خاتوونی کچی مەلیک عادل لەدایکبووە، ئاهەنگێکی شاهانەی بۆ سازکرابوو بە ڕازاندنەوەی شاری حەلەب و بەخشینی کاڵای زۆر بەنرخ لە زێڕ و زیو. مەلیک زاهیر بڕیاری بۆ زێڕنگەران دابوو کە هەموو شێوە و وێنەیەک لە زێڕ دابڕێژن، لەوانەش دە بێشکەیان لە زێڕ و زیو دروستکردبوو، جگە لە بەکارهێنانی داری ئەبەنوس و عود و سەندەڵ، لەگەڵ چنینی سێ فەرجیە[٢] بە لوءلوء ڕازاندرابوونەوە، هەر یەکێکیشیان چل دانە یاقوت[٣] و بەڵخەش[٤] و زومرودی[٥] تێدا بەکارهاتووە لەگەڵ دوو کڵاو کە بە لوءلوء ڕازاندرابوونەوە، لەگەڵ سێ زینی ڕازاوە، هەریەکێکیان بە چەند دانە یاقووت و زومرود ڕازاندرابونەوە، لەگەڵ سێ شمشێری دەسک زێڕ و کاڵان ڕازاوە بە جۆرەها جوانکارییەوە، لەگەڵ چەند ڕمێک کە لە زێڕ دروستکرابوون. (ابن واصل،١٩٥٣، ٣/٢٢٠-٢٢١؛

المقريزي،١٩٩٧، ٢٩٧/١) وادەردەکەوێت کە مەلیک زاهیر لە ڕادەبەدەر خوشحاڵ بووە بە لەدایکبوونی عەزیزی کوڕی، بۆیە شاری حەلەب بۆ ماوەی دوو مانگ جوانکاری و ڕازاندەوەی پێوە دیار بووە، خەڵکی گشتیش لە خواردن و خواردنەوە بێبەش نەببوون، هیچ چینێکیش نەمابوو لەو بەخشینە پشکی نەبووبێت و تەنانەت بەخشین قوتابخانەکان و خانەقاکانیشی گرتبووەوە لە دابەشکردنی زێڕ و مەڕ. (النعیمي،١٩٩٠، ٢٥٩/١)

**٣/ لە بۆنەی جەژنەکان:**

شارستانیی ئیسلامی دوو جەژنی سەرەکی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش جەژنی ڕەمەزان و قوربانە، دەوڵەتی ئەیوبیش وەک درێژەپێدەری دەوڵەتی ئیسلامی لە ماوەی توێژینەوەکەدا درێخیاننەکردبوو لە زیندوکردنەوەی ئەم بۆنانەدا، بە بەخشین و دیاری پێشکەشکردن و یارمەتیدانی هەژاران و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان، چ بە پێشکەشکردنی بڕە پارەیەک یان بە ئامادەکردنی خواردن و ڕازاندنەوەی سفرەی خوان بووبێت.

دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە شێنەییشدا هاوشێوەی خەڵکی تر بەشداریی بۆنەکانی جەژنیان کردبوو و ئامادەکارییان بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزانە کردبوو، مەلیک عەزیز کوڕی سەلاحەدین لە ساڵی (٥٩٤ک/١١٩٧ز) لەگەڵ خەڵک بەشداری نوێژی جەژن بووە، خوانێکی شایستەی بۆ سەرکردەکان و زانایان و دانیشتوان ئامادەکردووە. (المقریزي،١٩٩٧،١/٢٥٤) مەلیک ئەشرەف موسا کوڕی مەلیک عادل (٦٣٥ ک/١٢٣٧زم)، ئەویش یەکێک بووە لەو دەسەڵاتدارە ئەیوبییانەی کە خێرخوازیکی دەگمەن بووە لە بەخشینی پارە و خواردن و هاوکاریکردنی هەژاران، کە لە ساڵی (٦٢٦ک/١٢٢٨ز) لە مانگی ڕەمەزاندا دەرگای والا بووە بۆ بەخشینی سنیە

شیرینی بۆ هەژاران و کاربەدەستان و خانەقاکانی پیاوان و ئافرەتان، (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٥٤/٢٢؛ ابن کثیر،١٩٨٩، ١٧٢/١٣؛ الغساني ،١٩٧٥، ص٤٨٢) زۆر بەزەیی بە هەژاراندا هاتۆتەوە و سەردانی کردوون و بە پارە و خوان بە سەری کردونەتەوە، هەر لەو ساڵەشدا کە ئاماژەی پێکراوە دوو سەد کەنیزە و کۆیلەی ئازاد کردووە، (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٥٦/٢٢ ) سەردانی زانایان و پیاوچاکان و هەژارانیشی کردووە خواردن و پارە و شیرینی پێ بەخشیبون، (ابن خلکان،١٩٥٨، ٥٢٢/٤؛ الدواداري، ١٩٧٢، ٣٢٤/٧؛ النویري،٢٠٠٤، ١٤٤/٢٩) بە خشینەکەش تەنها سنووری دەسەڵاتی نەگرتبووەوە، بەڵکو بەخشین سنووری دەرەوەی دەسەڵاتیشی گرتبووەوە بە تایبەتیش بۆ نەدارەکان پارە و جلوبەرگی تایبەتی بۆدابینکردبوون. (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٥٥/٢٢) هێندە دەستی باڵای هەبووە لە بەخشینەوەی سەروەت و سامانی بۆ هەژاران تا خەزێنەکەی مایەپوچ ببوو سەرەڕای ئەو داهاتەی کە هەیبوق. (ابن خلکان،١٩٩٨، ٥٢٢/٤)

بەخشین و دیارییەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی ئەیوبی تەنها خۆی لە پارە نەدەدۆزییەوە، بەڵکو جلو بەرگی بەهاداریش دەبەخشرانەوە، بەر لەوەی مەلیک عەزیز زاهیر لە ساڵی (٦٣٠ک/١٢٣٢ز) کۆچی دوایی بکات لە دیمەشق لە جەژنی قوربان‌دا دوو سەد و چل دەستە جلی بە نرخی بە دۆستانی باوکی بەخشیبوو(ابن نظیف،١٩٨١، ص٢٥٥)، جگە لەمەش لە ساڵی (٦٢٥ک/١٢٢٧ز) کوڕەکەشی غیاث الدین محمد لەسەر ڕێوشوێنی باوکی ڕۆیشتبوو، کە بەشداری جەژنی ڕەمەزانی کردبوو دیاری بەسەر هەموو سەرکردەکان و بەرپرسی شاری حەلەب و کارەبەدەستان بەخشیبوو، دانیشتوان لە سەردەمی دەسەڵاتدارەکانی پێش ئەو ڕێوڕەسمی جەژنی وایان نەدیبوو. (ابن واصل،١٩٥٣، ٢٢٧/٤-٢٢٨) مەلیک موعەززەم تورانشاە هاوشێوەی دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکانی تر دەستی دیاری و بەخشینی فەراموشنەکردووە، کە لە ساڵی (٦٤٧ک/١٢٤٩ز)

گەیشتبووە شاری دیمەشق لەگەڵ خەڵکی شارەکە بەشداری جەژنی ڕەمەزان کردووە و بەم بۆنەیەوە جل و بەرگی گرانبەهای بەخشیبە سەرکردەکان و پارەیەکی زۆریشی بەخشیبوەوە، هەموو ئەو کەسانەشی ئازادکردووە کە لە گرتوخانەی باوکی گیرابوون. (النويري،٢٠٠٤، ٢٩/ ٢٢٨؛ الغساني،١٩٧٥، ص ٥٧٤؛ المقريزي، ١٩٩٧، ٤٤٩/١)

## تەوەرەی دووەم: پێشکەشکردن و دیاریبەخشین لە بۆنە سیاسییەکاندا

### ١/ لە بۆنەی لایەنگیری:

گرنگیدان بە لایەنگیری و پێشوازیکردن لە سەرکەوتنەکان، بە کاری فەرمی دەوڵەت دادەنرێت و دانپێدانانە بە دەسەڵاتەکەی، لە ئاستی دەسەڵاتی بەرزەوە بۆ خوارەوە، ئەوەش دەردەکەوێت بە تایبەتی لە پێشکەشکردنی دیاری و بەخشیندا.

گێڕانەوەی هەیبەت و شکۆ بۆ خەلافەتی عەبباسی، لە دوای نەمانی دەسەڵاتی فاتمی لە مصر ساڵی (٥٦٧ک/١١٧١ز)، و ناوهێنانی خەلیفەی عەبباسی لە وتاری هەینیدا، بە گرنگترین سەرکەوتنەکانی سیاسی لەقەڵەمدەدرێت لەلایەن خەلیفەی عەبباسییەوە لە بەغدا (ابن الجوزي،١٩٧١، ١٩٦/١٨؛ابن الوردي، ١٩٩٦، ٧٨/٢؛ ابن العماد، ١٩٨٦، ٣٦٤/٦)، بۆیە خەلیفە خۆشحاڵی و لایەنگیریی خۆی دەربڕیبوو بۆ سەلاحەدین، بە ناردن و پێشکەشکردنی دیاری بە نرخ لە هەمان ساڵدا، ئەم بەخشینەش کۆمەڵێک کەلوپەلی ناوازەی لەخۆگرتبوو، وەک جلوبەرگێکی بەهادار و مێزەرێکی شایان بە سەلاحەدین و شمشێرێک و ئەسپێک لەگەڵ نووسراوی کۆشکی خەلیفە. (القلقشندي،١٩٨٨، ٢٩٤/٣)

دیاریکردنی جێگرەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، کارێکی گرنگە لە ژیانی دەوڵەتداریدا، بۆیە پێویستی بە ڕاوێژ و ڕەزامەندیی

دەسەڵاتدارانی دەوروبەر هەبووە کە پەیوەندییان بە سیستەمی پێشوو هەبووە، کاتێک خەلیفەی عەبباسی ( الناصرلدين الله٥٧٥-٦٢٢/١١٨٠-١٢٢٥ز) بە نیاز بووە جێگرەوە بۆ خۆی دابنێت لە ساڵی (٥٨٥ک/١١٨٩ز) سەڵاحەدینی ئاگادارکردۆتەوە بۆ ئەوەی لایەنگیری بۆ کوڕەکەی (ابي نصر محمد) بکەن و لە وتاری هەینی ناوی بهێنن، بۆیە سەڵاحەدین ڕەزامەندی نیشانداوە و هەر بەم بۆنەیەشەوە دیاری شایستەی بۆ خەلیفە ناردووە بۆ کۆشکی خەلافەت، وەک تانجی مەلیکی خاچدروشمەکان و هەندێک دیلی جەنگ و ئەو خاچەی لەسەر (صخره بيت المقدس) دانرابوو. (ابو شامه،١٩٩٨، ٤/٦٤-٦٥؛ المقريزي،١٩٩٧، ١/٢١٥)

دەسەڵاتداران هەردەم لە هەوڵی دانپێدانان و بەدەستهێنانی لایەنگیری بوونە بۆ درێژەپێدان بە دەسەڵاتیان، بۆیە مەلیک (الافضل) پاش کۆچی دوایی سەڵاحەدینی باوکی لە ساڵی (٥٩٠ک/١١٩٤ز) پەیوەندی بە کۆشکی خەلیفەی عەبباسی دەکات لە ڕێگای پێشکەشکردنی کۆمەڵێک دیاری بەنرخ وەک کەلوپەلی جەنگی و جلوبەرگی باوکی و ئەسپەکەی و، جگە لە هەندێک دیاریی تری بەنرخ کە بە هەزاران دانە مەزەندە کرابوون. (ابن واصل،١٩٥٣، ٣/٨). لەگەڵ هەندێک دیاریی تر وەک (صليب الصلبوت)(٦) کە لە زێڕ دروست کرابوون کێشەکەی بیست ڕەتل[٧] دەبوو، لەگەڵ کۆمەڵێک دیاریی تر و چوار کەنیزە کە کچانی مەلیکەکانی ڕۆم بوون. (ابو شامه،١٩٩٨، ٤/٢٣٨)

خەلیفەکانی عەبباسی بۆ درێژەپێدان بە دەسەڵاتیان، دانیان بە دەسەڵاتی ئەیوبییەکان ناوە بە تایبەتیش لە کاتی سەرکەوتنەکانیاندا، کە مەلیک کامل کوڕی مەلیک عادل ئەرمینیای ڕزگارکردبوو، بەم بۆنەیەوە مەلیک عادل لە ساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٧ز) لە ڕێگای شاندێکیەوە پەیوەندی بە خەلیفەی عەبباسی کردبوو، بۆ ئەوەی دەستووری دەسەڵاتی وڵاتی مصر و شام و خەڵات و وڵاتی جەزیرەی پێببەخشێت، خەلیفەش بەڕێزەوە

وەڵامی داواکارییەکەی دایەوە (ابن نظیف،١٩٨١، ص٥٦؛ ابن الفرات،١٩٧٠، مج٦٣/٥)، لە ڕێگای شاندی تایبەت بە خۆیەوە کۆمەڵێک دیاری بەنرخی پێشکەش بە مەلیک عادل کرد کە بریتی بوون لە جوبە و مێزەرێکی ڕەشی نەخشێنراو بە زێڕ و گەردانەیەکی زێڕ و شمشێرێکی ڕازاوە بە زێڕ و ئەسپێکی ڕەسەن بە کەژاوەی زێڕینەوە و ئاڵایەکی ڕەش کە نازناوی الناصرالدین الله ی بە ڕەنگی سپی لەسەر نووسرابوو (العيني، ٢٠١٠، ٢٠٢/٣)، دواییش دیاری خەلیفە پێشکەش بە هەردوو کوڕی مەلیک عادل کران (الاشرف موسى٦١٩ک/١٢٢٢زم ) و (المعظم عيسى (٦٢٤/ ١٢٢٦ز م) بۆ هەر یەکێکیان مێزەرێکی ڕەش و جلێکی تایبەت، لەو کاتەشدا لە قەڵای دیمەشق نووسراوی خەلیفە بە دانپێدانای مەلیک عادل خوێندرایەوە (ابن تغري بردي،١٩٩٢، ١٤٩/٦)، هەر لەو کاتەشدا قازی ابن شداد (٦٣٢ک/١٢٣٤م ) بە ناوی مەلیک زاهیرەوە پەنجا دەستە جلی شاهانە و زێڕی بەخشیوە. (ابن الفرات، ١٩٧٠، مج٦٥/٥)

وا دەردەکەوێت کە خەلیفەی عەبباسی الناصرلدين الله (٥٧٥-٦٢٢ک/١١٨٠-١٢٢٥ز) زۆر پەرۆشی ئەوە بووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە خۆی نزیکبکاتەوە چ بە دانپێدانان بێت یان بە بەخشین و ناردنی دیاریی ناوازە، هەر دوای ساڵێک بە دانپێدانانی دەسەڵاتی مەلیک عادل، خەلیفەی عەبباسی الناصر لدين الله لە ساڵی (٦٠٥ک/١٢٠٨ز) جارێکی تر دیارییەکی گرانبەها بۆ مەلیک عادل دەنێرێت کە بریتیبووە لە دەستێک جلی شاهانە و تۆقێکی زێڕی ڕازاوە بە بەردی پیرۆز، جگە لە نووسراوی کۆشکی خەلیفە کە ئەویش بریتیبووە لە ڕێگەپێدانی دەسەڵاتداریەتیی وڵاتی مصر و شام و ڕۆژهەڵات و عێراق و بەشێکیش لە وڵاتی عەجەم، جگە لە دیاری بۆ هەموو دەسەڵاتدارانی ئەیوبی و منداڵەکانی، کە هیچ کەسێک ئەم دیارییەی پێ نەبەخشراوە تەنها مەلیکەکانی بوەیهی و سەلجوقی نەبێت. (الدواداري،١٩٧٢،٧ /١٦٦)

هەروەها دەسەڵاتدار هەردەم ویستویەتی دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بەهێز بکات بە مەبەستی درێژەپێدان بە دەسەڵاتی خۆی، هەروەک خەلیفەی عەبباسی (الظاهر بأمرالله) لە ساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز) لە ڕێگای شاندی تایبەتەوە دیارییەکی بەنرخی بۆ مەلیک ئەشرەفی ئەیوبی ناردبوو (ابن نظيف،١٩٨١، ص١١٠)، وا دیارە خەلیفەکانی عەبباسی لە کاتی دەستبەکاربوونیان لە هەوڵی ئەوەدا بوونە، کە ئاخۆ کێ بتوانێ لە ڕێگای بەخشین و ناردنی دیارییەوە زۆرترین لایەنگر بۆ خۆی کۆبکاتەوە، هەروەک خەلیفە (الظاهر بأمرالله) لە ساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦ز) دیارییەکی تر بۆ مەلیک عەزیزی ئەیوبی دەنێرێت، کە بریتیبووە لە دەستە جلێکی شۆڕی نایابی ڕەش لەگەڵ مێزەرێکی ڕەشی نەخشێنراو بە زێڕ (ابن العديم،١٩٥٤، ١٩٧/٣)، لە هەمان ساڵدا دیاری پێشکەش بە مەلیک موعەزەم و مەلیک کاملیش کردووە، کە بریتیبووە لە دەستە جلی نایانی خەلافەت لەگەڵ تۆقی زێڕین و ئەسپی ڕەسەن (ابن واصل،١٩٥٣، ١٧٦/٤)، واپێدەچێت کە ئەم دیارییانەی خەلیفەی عەبباسی (الظاهر بأمرالله) بە دەسەڵاتدارانی ئەیوبی بەخشیوە تەنها بۆ مەبەستی خۆبەهێزکردن بووە بەرانبەر جلال الدين خوارەزم شاە (٦١٧-٦٢٨ک/١٢٢٠-١٢٣١ز م) چونکە جێگای مەترسی بووە بۆ دەسەڵاتەکەی خەلیفە. (العينى،٢٠١٠، ١٤٤/٤)

هەروەک نەریتێک کە لە نێو خەلیفەکانی عەبباسی باوبووە بەخشین و دیاری پێشکەش بە دەسەڵاتدرە ئەیوبییەکان بکەن  بە مەبەستی دانپێنان بە دەسەڵاتی سیاسییان، هەروەک ئاماژەی پێکراوە کە خەلیفە (المستعصم بالله ٦٤٠-٦٥٦ک/١٢٤٢-١٢٥٨ز) لە ساڵی (٦٤٣ک/١٢٤٥ز) دیاری و دانپێدانانی دەسەڵاتی بۆ مەلیک سالح نەجمەدین ناردبوو لە ڕێگای شاندی بەرزییەوە کە بریتیبووە لە مێزەرێکی ڕەش و جوبەیەکی نەخشێنراو بە زێڕ لەگەڵ دوو دەستە جلی تایبەت و شمشێرێک و تۆقێکی زێڕ و ئەسپێک. (النويري،٢٠٠٤، ٢٠٤/٢٩؛ المقريزي،١٩٩٧ ،٤٢٥/١)

وادەردەکەوێت کە وڵاتی مصر پێگەیەکی گرنگی هەبووبێت هەم بۆ سنووری خۆی و هەم بۆ دەوروبەریشی، بۆیە هەردەم خەلیفەکانی عەبباسی یەک لە دوای یەک لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی وڵاتی مصر بکەن و لەخۆیانیان نزیکبکەنەوە بە پێشکەشکردنی بەخشین و دیاریی شکۆدارانە، کە ئەمەش ببووە هۆی بەهێزبوونی دۆستایەتی و متمانە لە ڕۆژانی شێنەیی و تەنگەژەدا.

## ٢/ لە بۆنەی سەرکەوتنەکاندا:

دەربڕینی خۆشی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لە بۆنەکانی سەرکەوتندا بە کارە گرنگ و فەرمییەکانی دەسەڵاتداران دادەنرێت، چونکە چارەنووسی گەل پشت بە بەرگریی لەشکر دەبەستێت، دەستکەوتەکانیشی بەهۆی سەرکەوتنەکانەوە دەبێتە مایەی خۆشی و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا و زیادبوونی متمانەی گەل بە دەسەڵاتی سیاسی و پێشکەشکردنی دیاریی بەنرخ بە دەسەڵاتدارانەوە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەشدا.

لە ساڵی (٥٧٨ک/١١٨٢) کە سەلاحەدینی ئەیوبی لە ئامەدەوە بەرەو (عین تاب)[٨] چووە بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتن، میر ناصح کوڕی خمارتکین دیاری و کەلوپەلێکی زۆری بەو بۆنەیەوە پێشکەشکردووە. (ابن شاهنشاه الایوبي،٢٠٠٥، ص١٦٦-١٦٧)

بەخشین و دیاری تەنها پێشکەشکردن بە میر و سەربازەکان نەکرابوو، بەڵکو و هەژاران و چینی گشتیشی گرتبووەوە، لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز) کە قودس ڕزگار کرا لە لایەن لەشکری ئەیوبییەوە، سەلاحەدین جلوبەرگ و خواردنی بەخشیبووەوە بۆ هەژارەکان و دیلە موسلمانەکانیشی فەرامۆش نەکردبوو و جلوبەرگ و دیاری پێبەخشیون و

سەرپشکیشی کردبون لە مانەوە و ئەوانەی نیازی چوونەوەشیان هەبووە بۆ وڵاتی خۆیانی ڕەوانە کراونەتەوە. (ابن کثیر،١٩٨٩، ٣٩٩/١٢)

زانایانی ئاینی و کاربەدەستانی دەوڵەتیش لە چالاکییە سەربازییەکان و سەرکەوتنەکاندا دیارییان پێشکەشکراوە، بە تایبەتیش کاتێک گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان مەلیک ئەشرەف دەسەڵاتداری دیمەشق و مەلیک کاملی دەسەڵاتداری مصر دەرکەوتبوو لە ساڵی (٦٢٦ک/١٢٢٨ز) سەرکەوتن یاوەری مەلیک کامل ببوو، بۆیە دیاری پێشکەش بە لایەنگران و کاربەدەستانی کردووە. (ابن العدیم،١٩٥٤، ٢٠٧/٣؛ ابن واصل،١٩٥٣، ٢٥٥/٤)، وا پێدەچێت ئەو گرژی و ناتەباییەی کە لە نێو دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی ئەیوبی هەبووە تەنها مەبەستی فراوانبوونی قەڵەمڕەوی بووە، هەروەک (المقریزي ٨٤٥ک/١٤٤١ زم) ئاماژەی پێکردووە کە لە ساڵی (٦٣٥ک/ ١٢٣٧ز) مەلیک جەواد دەسەڵاتداری دیمەشق نیازی پاوانخوازی هەبووە بۆ دژایەتی کردنی ناصر داود دەسەڵاتداری کەرەک، لە ئەنجامدا لەشکری دەسەڵاتداری کەرەک شکاوە و گەڕاوەتەوە بۆ کەرەک، مەلیک جەوادیش بە دەستکەوتێکی بێژمار گەڕابووەوە و شەش هەزار دینار و پێنج هەزار دەستە جلوبەرگی بەخشیبووەوە بەهۆی سەرکەوتنیەوە. (١،١٩٩٧،٣٨٦)

هەروەها بەهۆی سەرکەوتنی لەشکری شاری حەلەب بەسەر خوارەزمییەکان لە ساڵی (٦٣٨ک/١٢٤٠ز) شاریان ڕازاندەوە و چەند ڕۆژێک بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە ئاهەنگیان گێڕاوە (ابن العدیم،١٩٥٤، ٢٥٩/٣)، بەدرەددین لوء لوء دەسەڵاتداری شاری موصل هاوکاری لەشکری حەلەبی کردووە و مەلیک موعەززەم تورانشای لە دیلی ڕزگارکردووە، چەندین جلوبەرگ و دیاریی بەنرخ پێشکەشکراون، مەلیک موعەززەمیش بەڕێزەوە بۆ سەربازگەی حەلەب گەڕێنرابووەوە. (ابن واصل،١٩٥٣، ٢٩٥/٥؛ ابي الفداء، ١٩٩٧، ٢٧٢/٢)، لە بۆنەیەکی تری

هاوشێوەدا بەهۆی سەرکەوتنەوە کە مەلیک ناصر دەستی بەسەر شاری دیمەشق داگرتبوو لەساڵی(٦٤٨ک/١٢٥٠ز) شاندێکی شایستەی بۆ کۆشکی خەلیفەی بەغدا ناردووە لەگەڵ کۆمەڵێک دیاریی ناوازە و گرانبەها و سەرنجڕاکێش، وەک دارێکی نایابی دروستکراو لەگەڵ بیست و پێنج وشتر و دە سەر وڵاغی بەرزە، کە چواریان ئێستربوون و ئەوانی تر ئەسپی ڕەسەن کە بە ئەتڵەس ڕازاندرابوونەوە و لەگەڵ هەندێک کڵاو کە لە هونەری خاچدروشمەکان بوون، جگە لە سەد و پەنجا هەگبەی تیر و سێ سەد قەڵغان و (ترس)[٩]بیست دەستە جلی (سقلات)[١٠] و کۆمەڵێک جلی ئەتڵەسی ڕووسی و لەگەڵ کۆمەڵێک (مقاصیر و نقابیر و خیاش)ی زێڕین و سەد و پەنجا پارچە کوتاڵی حەریر و سەندووقێک کە کۆمەڵێک کەلوپەل و قاپی زێڕ و زیوی تێدابووە، جگە لە سێ سەد بەرگ کتێبی دەستنووس و لە ناویان قورئانێک بە دەستوخەتی (ابن الخازن ٥٠٢ک/١١٠٨زم ) نووسرابووەوە (النویري،٢٠٠٤، ٢٩/٢٤٠).

### ٣/ لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە:

دەسەڵاتدارانی ئەیوبی هەردەم لە هەوڵی ئەوە دابوونە کە پەیوەندییان  لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسی بەهێزبکەن، چونکە دەوڵەتی عەبباسی لە ڕووی سیاسییەوە بە براگەورەی موسڵمانان دانرابوو، ئەیوبییەکانیش سەر بەو ڕێچکە سیاسییە بوون و لە فەرمانەکانیان لایان نەدابوو، بۆیە خەلیفەش دیاری پێشکەش بە دەسەڵاتدرانی ئەیوبی دەکرد، بە تایبەتیش لە ساڵی (٥٨٥ک/١١٨٩ز)، خەلیفە شاندێکی تایبەتی ناردبوو بۆ دیمەشق بە سەرپەرشتی عبدالوهاب کوری سەکینە (٦٠٧ک/١٢١٠زم)، بە مەبەستی ناوهێنانی عدة الدین ابي نصر محمد (٦٢٣ک/١٢٢٦زم) لە وتاری ڕۆژی هەینیدا، هەر لەم بۆنەیەدا سەلاحەدین و گەورەپیاوانی پێشوازی گەرمیان لە شاندەکەی خەلیفە کردبوو و لە کاتی گەڕانەوەی شاندی خەلیفە، سەلاحەدین بە یاوەری شاندی تایبەتی خۆیەوە کۆمەڵێک

دیاری بەنرخ و ناوازەی بۆ خەلیفە ڕەوانەکردبوو. (ابوشامە،١٩٩٨، ٤/ ٦٤-٦٥؛ المقریزی، ١٩٧٧، ٢١٥/١)

بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان تەنها پشتیان بە موسڵمانەکان نەبەستبوو، بەڵکو هەوڵیانداوە لەگەڵ خاچدروشمەکانیش تەم و مژی تەنگژەی نێوانیان بڕەوێننەوە لە ڕێگای پەیوەندییەکانیانەوە، هەروەک سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیانکردووە کە خاچدروشمەکان شاندیان بۆ لای سەلاحەدین ناردبوو، ئەویش پێشوازیی دۆستانەی لێکردبوون و داواکارییەکانیانی بە پێی پێویست بۆ جێبەجێ کردوون، لەوانەش کە مەلیکی ئینگلیزی داوای بەفر و میوەجاتی کردبو (ابن شداد،٢٠٠٥، ص٣٩٧؛ ابوشامە، ٢٥٨/٤؛ ابن واصل،١٩٥٣، ٤٠٢/٢؛ ابن کثیر،١٩٨٩، ٤٢٦/١٢)، هەردەم سەلاحەدین شەڕی شەڕ بووەو ئاشتیشی ئاشتی، واپێدەچێت کە زۆر هۆگری فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بووبێت، بۆیە زۆر ڕێزی لەو شاندە ناوە کە لای مەلیکی خاچدروشمەکان هاتبوو، چونکە پێغەمبەری موسڵمانەکان فەرموویەتی: (( إذا أتاكم كبيرالقوم فاكرموا)) (ابن ماجة،١٩٤٨،٢،٣٠٣/٢). لە لایەکی تریشەوە، بەخشینی دیاری وادەکات کە جۆرە خۆشەویستییەک لە نێوانیان دروستبێت و بۆ چارەسەری کێشەکان زیاتر لەیەک نزیک ببنەوە، هەروەک کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی ((تهادوا تحابوا)) (البيهقي،١٩٩٣، ١٦٩/٦).

لە میانەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، مەلیک عادل برای سەڵاحەدینیش هەوڵیداوە کە لە مەلیکی ئینگلیزی ریتشارد ( م١١٨٩-_- ١١٩٩ ) نزیکبێتەوە و دیاری پێشکەشبکات، بۆیە لە ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز) مەلیک عادل سەردانی ریتشاردی کردووە بە کۆمەڵێک دیاری بە نرخ و خواردنی تایبەتەوە، ئەویش زۆر ڕێزی لێناوە و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیوە و خۆی و لایەنگرەکانیشی بەشدارییان لە خوانەکەی کردووە. (ابن شداد،٢٠٠٥،ص٣٤٥-٣٤٦)

خاچدروشمەکانیش هاو شێوەی ئەیوبییەکان هەوڵیاندا کە لێیان نزیکببنەوە و دیارییان پێشکەش بکەن، وادەردەکەوێت کە ئەو دیارییانەش تەنها کەلوپەلە مادییەکان نەبووە، بەڵکو مرۆڤیش وەک دیاری پێشکەش کراوە بە تایبەتیش لە سالی (٥٨٧ک/١١٩١ز) کە شاندی مەلیکی خاچدروشمەکان بە سەلاحەدین گەیشتووە، دیلێکی موسڵمانیان پێشکەش بە سەلاحەدین کرد کە بە ڕەچەڵەک مەغریبی بووە، بۆیە ئەویش ڕێزی شکۆدارانەی لەو شاندە ناوە. (ابن شداد،٢٠٠٥، ص٢٩٩)

هەردوولاش لە هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخی جەنگەکە بوون، کە لە ساڵی (٥٨٨ک/١١٩٢ز) ئاگر بەست لە نێوان لەشکری ئەیوبی و خاچدروشمەکان هاتەکایەوە، ڕەزامەندیشیان نیشاندابوو بۆ درێژکردنەوەی ئاگربەستەکە، بەڵام وادەردەکەوێت کە خاچدروشمەکان زیاتر بە پەرۆشی درێژکردنەوەی ئاگربەستەکە بووبن، چونکە شاند و مەلیکەکانیان هەردەم لە ڕێگادابوونە، هەروەک بەرپرسی (انطاكية) و کوڕەکەی (قومص) بەرپرسی (طرابلس)، بە خزمەت سەلاحەدین دەگەن ئەویش جلوبەرگی نایابیان پێ دەبەخشێت، لەگەڵ برە پارەیەک (ابن العديم،١٩٥٤، ١٢٢/٣؛ ابن واصل،١٩٥٣، ٤٠٩/٢؛ ابن كثير،١٩٨٩، ٤٢٧/١٢)، ئەمەش وای کردبوو کە ئاگربەستەکە درێژبکرێتەوە و لە هەمان ساڵدا جارێکی تر شاندی خاچدروشمەکان لەگەڵ مەلیک بازیان [١١] بە دیارییەوە دەگەن بە سەلاحەدین، بۆیە ئەویش وەک نەریتی شاهانە بە دیاریەکی باشتر وەڵامی دیارییەکەیان دەداتەوە. (ابن شداد،٢٠٠٥، ص٣٧٨) واپێدەچێت بە بەیەک گەیشتنی هەردوولا و پێشکەشکردنی دیاری و بەخشینەکانیان کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان هەبووبێت، چونکە پاشای خاچدروشمەکان (كندهرى) شاندی تایبەتی بۆ لای سەلاحەدین نارد و خۆشەویستیی خۆی بۆ دەربڕی و داوای جلوبەرگی شاهانەی لێکردبوو، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئایا ئەو دەزانێ (قباء)[١٢]، شربوش)[١٣] لەبەر بکات، ئەویش وەڵامی دابووەوە لە بەر

خۆشەویستی تۆیە کە ئەم جلانە لەبەردەکەم، بۆیە ئەویش دەستێ جلی شاهانەی بە دیاری بۆ دەنێرێت و ئەویش لە شاری (عکا) [١٤] جلەکان لەبەردەکات. (ابن الاثير،١٩٧٨، ٢١٩/٩)

هەردەم ئەیوبییەکان نیەتپاکییان نیشانداوە بەرانبەر خاچدروشمەکان، بەڵام ئەوان هەندێک جار هەوڵیاندەدا لە ڕێگای شاند و پێشکەشکردنی دیاری خاڵی لاوازی ئەیوبییەکان دەستنیشانبکەن، هەروەک لە ساڵی (٦٠٧ک/١٢١٠ز) کەسێکی خاچدروشمەکان بە ناوی بازرگانەوە لە شاری قاهرە دیارییەکی پێشکەش بە مەلیک عادل کرد، ئەویش زۆر پێی سەرسامبووە، بەڵام کە زانیویەتی کەسەکە کاری سیخوڕی دەکات بۆیە بڕیاری گرتنی بۆ دەرکرد. (المقريزي،١٩٩٧،١/٢٩١)

هە ندێک جار بەهۆی دەرکەوتنی ناکۆکیی بنەماڵەییەوە لایەنێک پەنای بۆ دوژمنی سەرەکی بردووە بۆ لایەنگیری و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لە ڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی دیاری، کە لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٦ز) شاندی مەلیکی خاچدروشمەکان گەیشتبوو بە مەلیک کامل کوڕی مەلیک عادل کۆمەڵێک دیاری سەرسوڕهێنەری پێشکەش بە مەلیک کامل کردبوو، لەوانەش کۆمەڵە ئەسپێک، کە ئەسپی مەلیکی بە کەژاوە و لەناویاندا ڕازاندرابووەوە، ئەویش پێشوازیی گەرمی لێکردبوون، دواتریش دیارییەکی شاهانەی بۆ مەلیکی خاچدروشمەکان ئامادەکردبوو، کە نرخەکەی دوو هێندەی دیارییەکەی ئەوان بووە لەگەڵ کۆمەڵێک کەلوپەلی نایابی هیند و یەمەن و عێراق و شام و مصر و وڵاتی فارس لەگەڵ زینێکی زێڕ کە بە بەردی گرانبەها ڕازاندرابووەوە و نرخەکەی دە هەزار دیناری مصری بووە (المقريزى،١٩٩٧،١/٣٤٥)، وادەردەکەوێت کە مەلیک کامل لە هەوڵی ئەوەدابووە کە پەیوەندی لەگەڵ هەنێک لە دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکانیش بەهێزبکات وەک مەلیک عەزیزی برازای دەسەڵاتدای شاری حەلەب، بەهۆی پێشکەشکردنی هەندێک دیاری

لە هەمان ساڵدا، کە دیارییەکانیش بریتیبوون لە سێ ئەسپ لەناویشیاندا ئەسپەکەی مەلیکی خاچدروشمەکان بووە بە کەژاوەیەکەوە لەگەڵ هەندێک کوتاڵی بەنرخ. (ابن نظیف،١٩٨١،ص١٤٩، هامش٢ )

پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان تەنها بۆ مەرامی سیاسی نەبووە، بەڵکو لە کاتی میوانداریش ئەم نەریتە لە ئارادابووە، هەروەک (ابن الاثیرک٦٣٠ک/١٢٣٢زم) ئاماژەی پێکردووە لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٦ز) مەلیکی مەغریبی بە نیازی حەجکردنی ماڵی خودا گەیشتۆتە شاری قاهرە، میوانداری مەلیک ئەشرەفی کرد ئەویش ڕێزێکی بە ئەندازەی خۆی لێنابوو، بۆیە مەلیکی مەغریبی ئەسپێکی ڕەسەنی پێشکەش بە مەلیک ئەشرەف کرد، دیاریی ئەویش بۆ مەلیکی مەغریبی ئەسپێک و کۆمەڵێک کەلوپەلی ناوازەی پێبەخشی، لە دواجاردا مەلیکی مەغریبی چل هەزار دیناری بە مەلیک ئەشرەف بەخشی لەگەڵ کۆمەڵێک دیاریی تری گرانبەها و بۆ جێگرەکەشی دە هەزار دینار. (ابن کثیر،١٩٨٩، ١٢٩/١٤)

بە دوور ناگیرێت کە خاچدروشمەکان لە بەهێزکردنی پەیوەندیدا بووبن لەگەڵ مەلیک کامل (٦٣٥ک/١٢٣٧زم)دا، بە تایبەت لە ساڵی (٦٣١ک/١٢٣٣ز) کە شاندی مەلیکی خاچدروشمەکان بە مەلیک کامل دەگات، دیارییەکی بەنرخ پێشکەش بە مەلیک کامل دەکەن کە پێکهاتبوو لە ورچێکی سپیی توکن کە شێوەی لە شێر دەچوو، ڕاوی ماسی لە ژێر دەریاوە کردووە، لەگەڵ  تاوسێکی سپی (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٣٢٧/٢٢) و کە لە شێرێک کە بە قەبارە هێندەی گیسکێک بووە (الدواداري،١٩٧٢، ٣١٢/٧).

هەندێک جار دەسەڵاتدارانی ئەیوبی هانایان بۆ خەلیفەی عەباسی بردووە و دیاریی بەنرخیان پێشکەش کردووە، لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێی نێوخۆیی کە جێگای مەترسی و هەڕەشە بووە بۆ دەسەڵاتیان،

لەوانەش مەلیک ناصر دەسەڵاتداری کەرک لەساڵی (٦٣٣ک/١٢٣٥ز) هانای بۆ خەلیفە المستنصر (٦٢٣-٦٤٠/١٢٢٦-١٢٤٢) برد لە مەترسیی مەلیک کاملی مامی، دیارییەکی بەنرخ و جۆرەها بەردی ناوازەی پێشکەش کردبوون، ئەویش دیاری و جلوبەرگی پێشکەش بە هاوەڵانی کرد (ابن الوردی،١٥٩/١٩٩٦)، بەڵام ناصرداود وای مەزەندە کرد کە خەلیفەی عەبباسی لە ڕێگای گەورەپیاوانی دەوڵەتەوە پێشوازی لێدەکات، بەڵام کە زانیبوی خەلیفە سەردانەکەی بەهەندوەرنەگرتووە، پارچە هۆنراوەیەکی بۆ خەلیفە خوێندبووەوە، ئەویش زۆر بە هۆنراوەکەی سەرسام بووە، بۆیە دیارییەکی گرنگی پێبەخشیوە، کە بریتیبووە لە مێزەرێک و جوببەیەکی ڕەشی نەخشێنراو بە زێڕ لەگەڵ بڕە پارەیەکی زۆر (ابن تغري بردي،١٩٨٨،٥/٢٩٥-٢٩٦)، لەگەڵ ئەوەشدا خەلیفە ڕەچاوی دۆستایەتیی مەلیک کاملی کردووە، بۆیە ناوەندگیری و ڕەچاوی بەرژەوەندیی هەردوولای کردووە، مەلیک ناصریش گەڕابووەوە کەرەک. (ابی الفداء،١٩٩٧، ٢/٢٥٩)

لە میانەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەندێک لە دەسەڵاتدارانی ئەیوبی دەستاودەستی بەخشینی دیارییان کردووە لەگەڵ مەلیکەکانی خاچدروشمەکان، مەرجیش نەبووە کە ئەو دیارییانە تەنها لە سنووری کەلوپەلە گرانبەهاکان بووبێت، بەڵکو بەخشینی زانستیش دەستاودەستی پێکراوە، بە تایبەتیش لە بواری زانستی فەلەکناسیدا، کە مەلیک ئەشرەف شارەزابووە لەو جۆرە زانستە، بەشێک لە زانیارییەکانی پێشکەش بە مەلیک فردریک کردووە، ئەویش بە گرنگترین دیاری ناوزەندی کردووە کە سوودی لێدیتوە بۆ دیاریکردنی جوڵەی ڕۆژ و مانگ و دیاریکردنی کاتەکان (هاشم،١٩٧٠، ٣٧٩)، هەروەها مەلیک کاملیش کتێبێکی زانستی فەلەکناسی بە دیاری پێشکەش بە میخائیل سکوت کردووە. (الشیال،١٩٦٤،ص ٥١)

## ٤/ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە نێوخۆییەکان:

بەخشین و دیارییەکان بەهایەکی گرنگی کۆمەڵایەتییان هەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر سروشت و ڕەوشتە جوانەکانی مرۆڤ دەردەکەوێت و وادەکات کە زیاتر ئەمەکداری و دڵسۆزیی نزیکبوونەوە سەرهەڵبدات، هەروەک ئاماژەی پێکراوە کە سەلاحەدین ئەیوبی لە ساڵی (٥٦٧ک/١١٧١ز) دەستی بەسەر کۆشکی خەلافەتی فاتمی داگرتبوو، لەلایەن دەوڵەتی عەبباسیەوە بە دەسکەوتێکی گرنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەژمارکراوە. (ابن الوردی،٢،١٩٩٦،/٧٨)، و لەم بۆنەیەدا و بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی زیاتر و متمانەبوون لە نێوان خۆیی و نورەدین مەحمود کۆمەڵێک دیاریی ناوازەی لە مصرەوە بۆ نورەدین مەحمود ناردبوو  لە ساڵی (٥٦٨ک/١١٧٢ز) وەک فیل و گوێدرێژی عەتابی و کۆمەڵێک کەلوپەلی گرانبەهای کۆشکی خەلیفەی فاتمی و چەند پارچە بلەور (١٦) و یەشم (١٧) و قاپ و کەلوپەلی خواردن و سێ پارچە بەلخەش کە گەورەکەیان لە سی مسقال زیاتر بووە و دووەمیان هەژدە مسقال و ئەوی تریش نزیک لەو، لەگەڵ پارچە لوء لوئی کەم وێنە و شەست هەزار دینار و هەندێک دروستکراوی سەرسوڕهێنەر و جۆرەها عەتر و بۆنی خۆش (ابن واصل،١٩٥٣، ٢٢٤/١)، سەرچاوەی مێژوویی وای باس کردووە کە هێندە دەستی باڵابووە لە بەخشین و دیاری تا وە خەزینەکەی مایەپوچ بێت ((وكان صلاح الدين مثقوب اليد لاتكاد تستقر الاموال في خزانته))، احمد الاوطاني،٢٠٠٧، ص٣٠١)، ئەو بەخشین و دیارییانەش تەنها یەک لایەنە نەبووە بەڵکو شاندی دەسەڵاتدارانی دەوروبەریش دیارییان پێشکەش کردووە، کە لە ساڵی (٥٨٩ک/١١٩٣ز) سەلاحەدین گەڕابووەوە بۆ دیمەشق بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری شارەکە (ابن واصل،١٩٥٣، ٤١٣/٢)، شاندی دەسەڵاتداران سەردانیان کردووە و دیاریی گرانبەهایان پێشکەش کردووە. (الدواداری،٧،١٩٧٢/ ١١٣)

لە کاتی دەرکەوتنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێو بنەماڵەکەی، بارودۆخەکە وای خواستووە کە بەهۆی پێشکەشکردنی دیاری، تارمایی گرژیەکە برەوێننەوە، کە لە ساڵی (٥٩٠ک/١١٩٤ز)، تەنگەژە لە نێوان برایانی بنەماڵەی ئەیوبی سەریهەڵدابوو (الدواداري، ١٩٧٢،٧/١٢٤)، مەلیک زاهیر غازی و مەلیک عەزیز دیاری بەنرخیان پێشکەش یەکتری کردووە و مەلیک ئەفزەڵیش خوانێکی شاهانەی بۆ شکۆداری مەلیک عادلی مامی و هەموو دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکانی ئامادەکردبوو (المقریزي،١٩٩٧،١/٢٣٢). وادەردەکەوێت کە پێشکەشکردنی دیاری و کۆبونەوەیان لەسەر خوانێک بۆ ئەو ڕۆڵەی مەلیک عادل بووە کە نێوەندگیری کردووە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوەخۆ و ڕەواندنەوەی تەنگەژە و جێگیرکردی ئاشتەوایی.

هەر بۆ زیاتر لەیەک نزیک بوونەوە و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان، تەنها دوو ساڵ بەسەر کۆبوونەوەکەیان تێپەڕنەببوو مەلیک زاهیر غازی لە ساڵی (٥٩٢ک/١١٩٥ز) دیارییەکی تری بەنرخی پێشکەش بە مەلیک عەزیزی برای کردووە. (ابن واصل،١٩٥٣،٣/٧٠).

مەلیک عادل ببووە خاوەن پێگەیەکی سیاسی و عەسکەریی بەهیز لە دوای کۆچی سەلاحەدینی برای (٥٨٩ز/١١٩٣ز)، بۆیە هەردەم خەلیفەی عەبباسی و دەسەڵاتدارەکانی بنەماڵەی ئەیوبی لە هەوڵی ئەوەدابوونە کە پردی پەیوەندیی نێوانیان بەهێزبێت، ئەویش لە ڕێگای ڕێزلێنان و پێشکەشکردنی دیاریی شاهانە و گرانبەها. لە ساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٧ز) شاندی دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکان بە کۆمەڵ سەردانی مەلیک عادلیان کردبوو، وەک شێخ شەهابەدین شاندی حەلەب و قازی بەهائەدین بن شداد (٦٣٢ک/١٢٣٤زم) شاندی مەلیک زاهیر، جگە لەمانە شاندی (حماە و حمص)یش بەشدارییان لەم سەردانە کردبوو و دیاریی تایبەتیان پێشکەش کردووە، وەک جوبەیەکی ئەتڵەس و مێزەرێکی ڕەش کە بە زێڕ

نەخشێنرابوون، لەگەڵ تۆقێکی گەردەن کە بە زێڕ و بەردی گرانبەها ڕازاندرابووەوە، لەگەڵ شمشێرێکی ڕازاوە بە زێڕ، قازی بەهائەدینیش پەنجا پارچە کوتاڵی نایاب و سێ هەزار دیناریشی ئامادەکردبوو بۆ بەخشینەوە بەسەر مەلیک عادلدا. ( ابن واصل،١٨١/١٩٥٣،٣) وا دەردەکەوێت کە ئەو نێوەندگیرییەی مەلیک عادل لەنێو بنەماڵەی ئەیوبی کردوویەتی گشتگیر و جێگای ڕەزامەندیی هەموو لایەک بووە، بۆیە لە ساڵی (٦٠٥ک/١٢٠٨ز) کە مەلیک ئەشرەف کوری مەلیک عادل لە حەلەبەوە دەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق، مەلیک زاهیر کوڕی سەلاحەدین پێشوازی شاهانەی لێکردووە و دیاریی ناوازەی پێشکەشکردووە، وەک چەک و ولاغی بەرزە و زێڕ و خشڵ و پۆشاکی گرانبەها و کۆمەڵێک کەنیزە، کە بەهاکەی مەزەندە کراووە بە پەنجا هەزار دینار. (ابن العدیم،١٩٥٤، ١٥٩/٣؛ ابن الوردی،١٩٩٦، ١٢٤/٢)

هەندێک جار ئەم بەخشین و دیارییانە بەردەوامی هەبووە و ماوەی زیاتر لە سێ هەفتەی خایاندووە، ئەمەش خەرجی و بارێکی قورس بووە لەسەر شانی دەسەڵاتداران، بەڵام دیارە ئامۆزاکان زیاتر هاوکاری و پشتگیریی یەکتریان کردووە، بۆیە لە ساڵی (٦٠٥ک/١٢٠٨ز) کە مەلیک ئەشرەف دەگات بە مەلیک زاهیری ئامۆزای پێشوازیەکی بێ هاوتای لێدەکات و لە قەڵای حەلەب مێوانداری دەکات و بۆ ماوەی بیست و پینج ڕۆژ مابووەوە و هەموو جۆرە پێویستییەکی خۆی و سەربازەکانی دابینکردبوو لە خواردن و خواردنەوە و تەنانەت ئالیکی ولاغەکانیشیان هەموو ڕۆژێکیش دەستە پۆشاکی تایبەتی پێشکەش کرابوو بۆ خۆی و هاوڕێیانی. (ابن واصل،١٩٥٣،٣/١٨٣-١٨٥)

لە میانەی بەخشین و دیاری پێشکەشکردن بۆ زیاتر پاراستنی ئاسایشی ناو خۆی دەوڵەتی ئەیوبی و ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، لە ساڵی (٦١٠ک/١٢١٣ز)، کاتێک مەلیک زاهیر کوڕی سەلاحەدین هەستی

کردووە، کە مەلیک عادلی مامی لێی توڕەیە، شاندێکی باڵای بۆ ئەم مەبەستە بە دیاری بەنرخەوە ناردووە، کە لەناویاندا پەنجا سەر ئەسپ بووە، بۆیە ئەم دیارییە بۆتە بەرچاوڕوونی و دڵنیابوونەوەی مەلیک زاهیر بەرانبەر بە مەلیک عادلی مامی. (ابن واصل،١٩٥٣، ٢٢٠/٣؛ ابن الفرات، ١٩٧٠،مج٥، ١٣٦/١)

هەندێک جاریش پێشکەشکردنی ئەم دیارییانە بۆ نیازپاکی نەبووە، بەڵکو مەبەست و بەرژەوەندیی کەسێتی لەپاڵ بووە، وەک مەلیک مەسعود ئەقسس (٦١٢-٦٢٦ن/١٢١٥-١٢٢٨) کوڕی مەلیک کامل دەسەڵاتداری یەمەن، کە بیری لە فراوانخوازی کردبووەوە، کۆمەڵێک دیاری بەنرخی پێشکەش بە باوکی کردبوو لە ساڵی (٦٢١ک/١٢٢٤ز) کە بریتیبووە لە دوو سەد خزمەتکار و سێ فیل کە بارەکانیان عود و مسک و عەنبەر بووە (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٧٢/٢٢؛ النويري،٢٩،٢٠٠٤/١٢٨-١٢٩؛ العيني،٢٠١٠، ١٠٨/٤). وا دەردەکەوێت لە ڕێگای پێشکەشکردنی ئەو دیارییانە ئامانجی ئەوە بووبێت کە ڕەزامەندیی مەلیک کاملی باوکی وەربگرێت وەک شەرعیەتدان بە فراوانکردنی قەڵەمڕەوییەکەی.

لە ئەنجامی فراوانخوازی و زێدەکردنی قەڵەمڕەوییەکەی کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی بۆ دەرکەوتبوون، بۆئەوەی ئەم کێشانە زیاتر تەشەنەنەکەن، دیاریی تایبەتیان پێشکەش بە یەکتری کردووە لە ساڵی (٦٤٧ک/١٢٤٩ز)، کاتێکیش کە کێشە لەسەر قەلای (کرک) دروستبووە، مەلیک ئەمجەد حەسەن کوڕی ناصر (کرک)ی وەک دیاری پێشکەش بە مەلیک صالح نەجمەدین کردبوو (ابن الجوزی،٢٢،٢٠١٣/٤٠٧)، ئەویش لە بری ئەوە ماڵێکی زۆری پێبەخشیوە لەگەڵ موچەیەکی دیارکراو و جگە لە عەقارێک. (ابوالفداء،٢،١٩٩٧/٢٨٥؛ المقريزى،١٩٩٧،١/٤٤١)

**تەوەرەی سێیەم: دیاری و بەخشین بۆ زانایان و ئەدیبان**

**١/ دیاری و بەخشین بۆ زانایان:**

دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٥٦٧-٦٤٨ک/١١٧٤-١٢٥٠) هەر چەندە کاری سەرەکییان بەرگری‌کردن بووە لە خاکی موسڵمانان لە دەستدرێژیی خاچدروشمەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەوە نەوەستاون و لایەنی زانست و زانیارییان فەرامۆشنەکردووە و هەوڵیانداوە بۆ هاندانی زانایان لە ڕێگای پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری لایەق بە کەسایەتییەکانیان، قوتابییانیش فەرامۆشنەکرابوون لە بەخشینی پارە و دابینکردنی پێویستییەکانیان، لەوانەش سەلاحەدین بڕە پارەیەکی مانگانەی بۆ قوتابییان تەرخانکردبوو (ابن شداد،٢٠٠٥، ص٣٥)، لە هەمان کاتیشدا هانی زانایانی دابوو بۆ زێدەکردنی زانستەکانیان و لەوانەش (ابن شداد،٦٣٢ک/١٢٣٤زم) کە کەسایەتییەکی نزیکی خۆی بووە و کتێبێکی بۆ دانابوو لە بارەی نەریتەکانی جەنگەوە، زۆر بە کتێبەکەی سەرسام ببوو، بۆیە زۆر ڕێزی لێناوە (ابن شداد،٢٠٠٥،ص١٦٨،٢٨؛ ابوشامە،٢٠٠٢ ،٢/٢٢١).

بەخشین و دیاری پێشکەشکردن لە نێو بنەماڵەی ئەیوبی وەک نەریت باوبووە، بە تایبەتیش بۆ ئەو کەسایەتی و زانایانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینییان بەهێز بووە و کاریگەرییان لە دەروونی خەڵکەوە هەبووە، بۆیە سەلاحەدین لەساڵی (٥٨٠ک/١١٨٤ز) (زين الدين بن علي الواعظ٥٩٩ک/١٢٠٢ز م)ی زۆر لەخۆ نزیککردبووەوە و ڕاوێژی پێکردووە، لە بەرانبەر ئەوەشدا پارچەیەک زەوی و دیاری زۆری پێبەخشیوە. (ابو شامە،١٩٧٤،ص٣٥؛ ابوشامە،٢٠٠٢، ٣/ ١٣٨)

لە میانەی تێڕامان و وردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێشکەشکردنی دیاری و بەخشین سنووردار نەبووە تەنها بۆ زانا

موسڵمانەکان، بەڵکو زانایانی ناموسڵمانیش فەرامۆشنەکرابوون لەم بارەیەوە، لەوانەش زانای پزیشکی (ابو البیان بن المدور ٥٨٠ک/١١٨٤ز م)، کە پزیشکێکی جولەکە بووە و خزمەتێکی زۆری بە سەلاحەدین کردبوو لە ڕووی تەندروستییەوە، بۆیە ئەویش دیارییەکی (جامكية) [١٨] زۆری پێبەخشیوە، وادیارە سەلاحەدینیش ئەمەکداریی خۆی نیشانداوە بەرانبەر ئەو پزیشکەیە تا ئەوکاتەی لەماڵیش کەوتبوو هاوکاری کردووە و مانگانە بیست و چوار دیناری بۆ تەرخان کردووە. (ابن اصيبعة،د.ت،٥٧٩-٥٨٠)

ئەم بەخشین و دیارییانە تەنها لە کاتی شێنەیی نەبووە، بەڵکو لە کاتی جەنگیشدا زانایان فەرامۆشنەکرابوون و لە یادی سەلاحەدین دابوونە، (ابن خلكان،١٩٩٨، ٣٩٩/٣) بە تایبەتیش لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز) کە قودس ڕزگارکرابوو، سەلاحەدین بڕە پارەیەکی زۆری دەستکەوتبوو کە بە دوو سەد و بیست هەزار دینار مەزەندە کراوە، هەمووی بەخشیبووەوە و زاناکانیشی لێی بێبەشنەکردبوون. (ابو شامة،٢٠٠٢، ٢١٣/٣-٢١٤)

ئەو نەریتە مرۆڤدۆستانەیە وای کردبوو کە ئەوانەی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەش هاموشۆیان هەبووە هەمان ڕێچکەی ئەوان بگرن لە بەخشین و دیاری، لەوانەش (الموفق اسعد بن المطران الطبيب ٥٨٧ک/١١٩١زم) سەرەڕای ئەوەی کە پزیشک بووە و چارەسەری نەخۆشانی کردووە لە هەمان کاتیشدا دیاری پێشکەش بە نەخۆشخانە کردووە و سەردانی نەخۆشانی کردووە و دەرمان و خواردنەوەی پێشکەش کردوون و تا پارەی گەرماویشی بۆ دەستەبەرکردوون (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٩٠/٢١-٣٩١).

هەندێک جار دیاری و پاداشتیان تەرخانکردبو بۆ ئەو کەسانەی کە لە داهێنانێکی زانستیدا سەرکەوتوو بوونە (عبدالعزيز محمد، ١٩٨٣،ص٧٤)، چونکە بەخشین و دیاری لەم بوارەدا ڕووی گەشی شارستانی

نیشانده‌دات، هه‌روه‌ک ئاماژه‌ کراوه‌ که‌ گه‌نجێکی دیمه‌شقی پاداشت کراوه‌ له‌ ڕێگای داهێنانێکه‌وه‌ که‌ چه‌ند ده‌رمانێکی تێکه‌ڵ یه‌کتری کردبوو و له‌ ڕێگای مه‌نجه‌نیقه‌وه‌ توانیبوی چه‌ند تاوه‌رێکی خاچدروشمه‌کان گڕتێبه‌ربدات له‌ ساڵی (٥٨٦ک/١١٩٠ز) له‌ کاتی گه‌مارۆدانی سه‌ر شاری عه‌ککا (الاصفهاني،٢٠٠٤،ص١٩٨-١٩٩؛ ابوشامه،٢٠٠٢، ٧٢/٤؛ عبداللطيف،١٩٦٨،ص١٧٣)، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا گه‌نجه‌که‌ دیارییه‌که‌ی ڕه‌تکردبووه‌وه‌، وتبوی ((من ته‌نها ئه‌وه‌م له‌ پێناو خودا کردووه‌)). (الحنبلي،١٩٩٦ ، ص١٦٢-١٦٣)

یه‌کێکی تر له‌و پزیشکانه‌ی که‌ دیاری و به‌خشینی زۆری پێبه‌خشرابوو (فخرالدين الماردينی٥٩٤ک/١١٩٧زم) له‌ ماوه‌ی دوو ساڵ که‌ خزمه‌تێکی زۆری به‌ مه‌لیک زاهیر غازی کوڕی سه‌ڵاحه‌دین کردبوو زۆریش پێی سه‌رسام ببوو، بۆیه‌ سه‌روه‌ت و سامانێکی زۆری پێبه‌خشیبو(ابن اصيبعة، د.ت، ص٤٠١)، مه‌لیک عادلیش هاوشێوه‌ی سه‌لاحه‌دین پاداشتی پزیشکانی کردووه‌ که‌ له‌ ساڵی (٦١٠ک/١٢١٣ز) نه‌ساغ ده‌که‌وێت، (مهذب الدين عبد الرحيم بن علي٦٢٨ک/١٢٣٠زم ) چاره‌سه‌ری ده‌کات، له‌بری ئه‌وه‌ش مه‌لیک عادل حه‌وت هه‌زار دیناری مصری پێده‌به‌خشێت، جگه‌ له‌وه‌ی که‌ منداڵه‌کانیشی به‌م بۆنه‌وه‌ دیاریی زۆریان پێشکه‌شکردبوو له‌ زێڕ و پۆشاک و تۆقی زێڕ و ئێستریک (ابن اصيبعة، د. ت، ص٧٣٠)، له‌به‌ر پسپۆڕی له‌ پیشه‌که‌ی ببوو به‌ خۆشه‌یستی زۆربه‌ی ده‌سه‌ڵاتداره‌ ئه‌یوبییه‌کان، به‌ تایبه‌تیش له‌ ساڵی (٦٢٦ک/١٢٢٨ز) که‌ مه‌لیک ئه‌شره‌ف ده‌گات به‌ دیمه‌شق زۆر ڕێزی له‌ (مهذب الدين 628ک/١٢٣٠ز م) نابوو و له‌خۆی نزیک کردبووه‌وه‌ و پانتاییه‌کی زه‌وی زۆری پێ به‌خشیبوو که‌ داهاتی ساڵانه‌ی زه‌ویه‌که‌ی به‌ هه‌زار و پێنج سه‌د دینار مه‌زه‌نده‌ کرابوو (ابن اصيبعة، د. ت، ص٧٣٧).

کاتێ کە زاناکان سەردانی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی ئەیوبییان کردووە، بێبەش نەبوونە لە دیاری و بەخشینەکانیان، بە تایبەتیش لە ساڵی (٦١٠ک/١٢١٣ز) کاتێک کە زانای فەرمودەناس (احمد بن محمد بن عمر٦١٠ک/١٢١٣زم) سەردانی شاری حەلەبی کردووە، مەلیک زاهیر غازی پۆشاکێکی شایستەی پێبەخشیوە لەگەڵ پەنجا دینار، دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکانی تریش ڕێزیان لێناوە و سێ سەد دیناریان پێبەخشیوە (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣ ،١٩٥/٢٢؛ ابوشامة،١٩٧٤، ص٨٤)، مەلیک (المعظم٦٢٤ک/١٢٢٦زم) یش لە سەر هەمان ڕێچکەی دەسەڵاتدارەکانی بەرایی ڕۆیشتبوو بە پاداشتکردنی زانایان و قوتابییان و هاندانیان، هەروەک مەرجی دانابوو کە هەر قوتابییەک کتابی (المفصل) زەمەخشەری لەبەربکات پاداشتەکەی سەد دینار و دەستە جلێکی نایابە (ابن خلکان،٣،١٩٩٨/٤٣٤)، جگە لەمە پاداشتی بۆ ئەو کەسانەش دیارکردبوو کە هەر کەسێک دەقەکانی (الجامع)ی کرمانی لەبەربکات پاداشتەکەی سەد دینارە، ئەوەی کتابی (الایضاح) ابی علی فارسی لەبەربکات سی دینار پاداشتەکەیەتی، بۆیە کۆمەڵێک لە زانستخوازان ئەم مەرجانەیان بەجێگەیاندبوو و پاداشتەکانیان وەرگرتبو (سبط ابن الجوزی،٢٠١٣، ،٢٨٩/٢٢؛ ابن کثیر،١٣،١٩٨٩/١٤١-١٤٢). ئەم بەخشینەش ئەوە دەسەلمینێ کە بنەماڵەی ئەیوبی بە پەرۆشبوونە بۆبڵاوکردنەوەی زانست و هاوکاریکردنی زانایان بۆ بەرەوپێشبردنی شارستانی.

یەکێکی تر لەو زانایانەی کە شایانی پێشکەشکردنی دیاری و بەخشین بووە (رشید الدین علی بن خلیفة٦١٦ک/١٢١٩زم ) بووە، کە جێگای متمانە و ڕێز بووە لەلایەن زۆربەی دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکان، بە تایبەتیش مەلیک ئەعزەم و مەلیک کامل، تەنها لە دانیشتنی شەوێکدا پێنج سەد دیناری مصری و دەستە جلێکی شاهانەی پێبەخشراوە (ابن اصیبعة،د.ت ،ص٧٣٧-٧٣٩)، ئەویش لە پاداشتی ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی کە دەریان بڕیبوو، کتێبێکی لە زانستی بیرکاری

پێشکەش بە مەلیک ئەمجەد دەسەڵاتداری بەعلەبەک کردبوو لە ساڵی (٦١٨ک/١٢٢١ز)، کتێبێکیشی لە زانستی پزیشکی دانابوو و پێشکەش بە مەلیک (مؤيد نجم الدين مسعود بن الملك الناصر صلاح الدين) کردبوو. (ابن اصيبعة، د.ت،ص٧٥٠)

ئەوەی بەرچاودەکەوێت لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا بەخشین و دیارییەکان تەنها تایبەت نەبووە بە کەلوپەلە گرانبەهاکان و پارە و زێڕ، بەڵکو هەندێک جار خواردن و خواردنەوەش وەک بەخشین پێشکەشدەکرا، کە لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٦ز) مەلیک کامل سفرە خوانێکی ڕازاندبووەوە و قوتابییان و زانایانی قوتابخانەکان و تەکیە و خانەقاکانی لەم بۆنەیەدا بانگهێشتکردبوو، جگە لەمەش گشت زاناکان بەشە خۆراکیان پێبەخشرابوو لە شەکر و شیرنەمەنی و گۆشت (الدواداري،٧،١٩٧٢/٢٨٣)، زانایانی دوورەدەستیشیان فەرامۆشنەکردبوو و هەردەم لەیادیان بوون و چاودیریی باری گوزەرانیان دەکردن و هەوڵیاندەدا کە لە هەژاری ڕزگاریان بکەن، کاتێک کە مەلیک ئەمجەد کوڕی مەلیک عادل لە ساڵی (٦٣١ک/١٢٣٣ز) هەواڵی (الشيخ عبدالله الارمني العباد) دانیشتوی قدس دەزانێت کە قەرزدارە و کەمدەرامەتە، چل دیناری بۆ ڕەوانەکردووە. (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٢٢/٣٣٠)

زاناکان هەردەم خۆشەویستیی ئەم بنەماڵەیە بوونە و لە بەخشین و دیاریش بێبەشنەکرابوون و هەریەک بە ئەندازەی زانستەکەی خۆی دیاری و بەخشینی پێشکەش کراوە، لەوانەش قازی بەهائەدین کوڕی شەداد (٦٣٢ک/١٢٣٤زم) لەو زانایانە بووە کە مەلیک عەزیز کوڕی سەڵاحەدین هێندەی پێبەخشیبوو کە داهاتی زەوییەکانی زیاتر بووە لە سەد هەزار درهەم لە ساڵێکدا (ابی الفداء،٢،١٩٩٩/٢٥٨؛ ابن الوردی،١٩٩٦، ١٥٧/٢)، دیارە زاناکانیش بێئەمەک نەبوونە بەرانبەر ئەو بنەماڵەیە، بەڵکو ئەوانیش هاوکاریان بوونە بە پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان، کاتێک کە

(محمود بن محمد بن صفی)[19] کتێبی (الجهاد) دادەنێت، پێشکەش بە مەلیک ئەشرەف موسای کوڕی مەلیک عادل دەکات، ئەویش ڕێزی لێدەنێت و پاداشتی دەکات بە بڕی پێنج سەد دینار بەرانبەر دانانی ئەو کتێبە (السیوطی،١٩٦٥،٢/٢٨٠)، مەلیک موعەزەمیش کە لە ساڵی (٦٤٧ک/١٢٤٩ز) دەست بەسەر کار و باری قاهیرەدا دەگرێت(المقریزي،١٩٩٧،١/٤٥٠) دیاری بەنرخی پێشکەش بە زاناکان کردووە، (ابن واصل ٦٩٧ک/ ١٢٩٧ز م)، خۆی یەکێک بووە لەوانەی کە پشکی هەبووە لە دیاریەکە (ابن واصل،٢٠٠٤، ص١٢١). (سبط ابن الجوزي٦٥٤ک/١٢٥٦زم)، یەکێکی ترە لەو زانایانەی کە دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی ئەیوبی دیاریی تایبەتیان پێشکەشکردووە بە تایبەتیش مەلیک ئەشرەف، کە وتویەتی: ((مەلیک ئەشرەف لە دیمەشق سەردانی کردم و دیاریی بەنرخی پێشکەشکردم، کە بریتی بوو لە وڵاغە تایبەتەکەی خۆی و دە هەزار درهەم)). (سبط ابن الجوزي،٢٢،٢٠١٣/٣٥٤)

## ٢/ دیاری و بەخشین بۆ ئەدیبان:

دەسەڵاتدارانی ئەیوبی ڕۆڵی ئەدیبان و شاعیرانیان بەهەند وەرگرتبوو، هیچ کاتێک فەرامۆشیان نەکردبوون، چونکە وێنەی ڕاستییەکانی سەردەمیان دەخستەڕوو لە سەردەمی توێژینەوەکە و هۆنراوە و هونەریش ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە تۆماری ڕاستییەکانی ئەو سەردەمەی کە دەوڵەتی ئەیوبی گوزەری پێداکردبوو.

یەکێک لەو زانا و ئەدیبانەی کە پێگەی گرنگی هەبووە لە لایەن سەلاحەدینەوە (العماد الاصفهاني٥٩٧ک/١٢٠٠زم) بووە پاداشتی کردووە و کەسێکی خوشەویست بووە (ابن خلکان،١٩٩٨، ٤/٣٨٣؛السبکي،٦،١٩٦٨/١٨٠)، لە کاتی شێنەیی و تەنگەژەشدا هاوکاری سەلاحەدین بووە، بە تایبەتیش لە کاتی جەنگەکاندا ڕۆڵی هەبووە بە

هۆنراوه و پێداهەڵگوتن بۆ هاندانی سەربازەکان بە تایبەتیش لە ڕزگارکردنی قدس لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز)، کە هۆنراوەیەکی دانابوو لەم بارەیەوە:

بشرى الممالک فتح قلعة من منبجفليهن هذا النصر كل متوج

أبشر فبيت القدس يتلو منبجاولمنبج لسواه كالانموذج

فانهد الى البيت المقدس غازيا وعلى طرابلس ونابلس عج

(ابوشامة،الروضتين،٢،٢٠٠٢/٢٣؛لؤي،٢٠٠٦، ص١٧٠).

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە دەسەلاتداران وەک خولیا چێژیان لە هۆنراوە وەرگرتووە و شاعیرانیان لەخۆ نزیککردبووەوە، ( عبد الكريم توفيق، ١٩٧٦، ص٣٦) دیاری و بەخشینیان لە کاتی بۆنەکاندا پێشکەشکردوون (بدوي،١٩٦٠،ص٣٢)، ڕۆڵی سەلاحەدینیان دەرخستووە لە سەرکەوتنەکاندا (ابوشامة،٢٠٠٢،/١٠٧)، بە تایبەتیش لە ساڵی (٥٧٩ک/١١٨٢ز) کاتێک کە سەلاحەدین دەستی بەسەر شاری حەلەب داگرتبوو چەند شاعیرێک بە چەند دێرە هۆنراوەیەک پیرۆزباییان لێکردبوو لەوانەش، قازی محى الدين کوڕی زەکی و قازی سەعید کوڕی سناء، م٦٠٨ک/١٢١١ز، (ابوشامة،٣،٢٠٠٢/١٠٦؛ ابن واصل،١٩٥٣، ١٤٥/٢)، هەر لەو کاتەی کە سەلاحەدین دەستیشی بەسەر حمص داگرتبوو، زانایان و شاعیران و ئەدیبانیش سەردانیان کردووە و پیرۆزباییان لێدکرد، شاعیری موسڵاویش (المهذب ابن اسعد٥٨٠ ک/١١٨٤زم) بە هەژدە دێر هۆنراوە ستایشی کردووە، ئەویش لەبری ئەوە دیارییەکی گرنگی پێبەخشیوە کە بریتی بووە لە پۆشاکێکی شاهانە بە مێزەرێکەوە و لەگەڵ سەد دیناری مصری. (ابن شاهنشاه،٢٠٠٥ ،ص٧٠)

شاعیرێکی تر به ناوی (محمد بن اسماعیل بن حمدان ٦١٥ک/١٢١٨زم) که پێگەی بەهێزی هەبووە لای سەلاحەدین و ستایشی کردووە بە هۆنراوە، کاتێک سەلاحەدین بە لەشکرەوە گەیشتۆتە شاری موسڵ، ئەویش زۆر دیاری پێبەخشیبوە کە بریتی بووە لە سێ سەد دینار و ئەسپێک و جگە لەوەی کە پۆستی قەزاشی پێدابوو. (ابن الشعار،٢٠٠٥، مج ٥ج،١٠٣/٦) شاعیرانی شاری موسڵیش لە بەخشین و دیاریی سەلاحەدین بێبەش نەبوون کاتێ ستایشیان کردووە، هەروەک (ابو حفص عمر کوری محمدکوری عەلی ناسراە بە ابن شحنه ٦٠٨ک/١٢١١زم) کە بە سەد و سێزدە دێر هۆنراوە بەشداری کردبو لە ستایشکردنی، بۆیە ئەویش هەزار دیناری پێبەخشیوە (ابن خلکان، ١٩٩٨،٥/٥٦٢)، هەزار دیناری سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەهەمی زاینی دیارییەکی گرنگ و بەهادار بووە، کە سەلاحەدین پێشکەش بەو شاعیرەی کردووە، کاتێک کە (سعاده الاعمی٥٩١ک/١١٩٤زم) ستایشی سەلاحەدینی کردبوو، ئەویش هەزار دیناری پێشکەشکردبوو (ابوشامة،٢٠٠٢، مج١، ق٤٦/٢؛ بدوي،١٩٦٠، ص٣٦)، بە هەمان شێوە (احمد بن علي بن ابي زنبور م٦١٣ک/١٢١٦ز) بە هۆنراوەیەکی درێژ ستایشی سەلاحەدینی کردبوو، بۆیە لەبری ئەوە پێنج سەد دیناری پێبەخشیبو (السیوطي،١،١٩٦٥/٣٤١) و (علم الدین الشاتاني(٥٩٩ک/١٢٠٢زم)، یەکێک بووە لە ئەدیب و شاعیرانی موسڵ، لە ساڵی (٥٧٢ک/١١٧٦ز)، سەردانی مصری کردبوو، بە هۆنراوە و پەخشان ستایشی سەلاحەدینی کردووە، بۆیە ڕێزی لێنراوە و هەزار دیناری پێبەخشراوە. (ابوشامە، ٢٠٠٢، ٣٠٠/٢)

هەرلەبەر ئەوەش بووە کە سەلاحەدین بە کەسێکی دەستبڵاو ناوبانگی دەرکردبوو، بە بەخشین و دیاریی زۆرەوە، ئەدیبان و شاعیرانیش لەم بارەیەوە بەختیاوەریان بووە هەر بۆیە شاعیر (سبط ابن التعاویذي٥٨٥ک/١١٨٩زم) بە هۆنراوە وەسفی سەلاحەدینی کردووە و

وتویەتی:
فلا یضجرنک ازدحام الوفود علیک وکثرة ما تبذل

فانکفي زمن لیس فیه جواد سواک ولا فضل (بدوي،١٩٦٠،ص١١٣؛ الاوتاني،٢٠٠٧ص٣٠٠).

دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە کاتی بۆنەکانیشدا بە هاوکاریی شاعیران و هونەرمەندان کۆڕیان بەستووە و گوێبیستی گۆرانیبێژان و پێداهەڵگوتنی شاعیران بوون، بە تایبەتیش لە ساڵی (٦١٨ک/١٢٢١ز) کە مەلیک کامل ئەیوبی دەستی بەسەر دمیات داگرت. (ابن واصل،١٩٥٣،٤/٩٩) دەسەڵاتدران لە جۆش و خۆشیی ئەو ڕۆژەدا ئاهەنگیان لە کۆشکی مەلیک کامل بە هۆنراوە خوێندنەوە و گۆرانی گوتن سازکردبوو، بۆیە مەلیک کامل پاداشتی کەنیزەکانی خۆي و مەلیک ئەشرەفی کردبوو هەریەک بە پێنج سەد دینار بەهۆی ئەوەی کە زۆر سەرسام ببوون بە گۆرانییەکانیان و هۆنراوەکانیان. (الدواداري،١٩٧٢،٧/٢١٥-٢١٦؛ المقریزي،١٩٩٧،١/٣٢٩؛ ابن ایاس،٢٠٠٦، ص١٠٣-١٠٤).

جگە لەوەی کە دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکان پیشەی سەرەکییان بەڕێوەبردنی وڵات بووە لە ڕووی کارگێڕی و سیاسییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان ئەدەبدۆست بوونە و لەگەڵ شاعیراندا هۆنراوەیان بە دیاری پێشکەش بە یەکتر کردووە و شاعیرانیشیان بە دیاریەکانیان پاداشتکردووە، هەروەک مەلیک موعەزرەم لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٦ز) لەگەڵ (بهاءالدین بن القیسراني) لە گفتوگۆ دادەبن بە هۆنراوە، وادەردەکەوێت کە مەلیک موعەززەم سەرسام بووە بە هۆنراوەکانی بۆیە چەند دیارییەکی بەنرخی پێشکەشکردووە، وەک، کوتاڵکی زۆر و زێڕ و دانەوێڵە و پۆشاکێکی شایستە، کە بەهای ئەو دیارییانە بە هەزار دیناری صوری[٢٠] خەملێنراوە (ابن واصل،١٩٥٣،٤/٢١٤)، مەلیک ئەمجەدیش لەو دەسەڵاتدارانە بووە کە ئەدەبدۆست بووە و دیاری پێشکەش بە شاعیران

کردبوو (ابن واصل،١٩٥٣، ٢٨٥/٤)، هەروەک (النعيمي٩٨٧ک/١١٩١زم) وەسفی مەلیک زاهیر غازی کوڕی سەلاحەدینی کردووە، کە بە کەسێکی شعردۆستی لە قەڵەمداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دەستبڵاو ناوی هێناوە لە پێشکەشکردنی دیاری و بەخشینەوە بۆ شاعیران و ئەدیبان (٢٥٩/١)، بەهەمان شێوە مەلیک ئەفزەل ئەبو قاسم شاهەنشاش بە کەسێکی دەست و دڵ فراوان ناوزەند کراوە لە بەخشینەوی دیاری بۆ شاعیران، کە لە یەک بۆنەدا نزیکەی دە هەزار درهەمی بە یەک شاعیر بەخشیوە. (ابن خلكان،١٩٩٨، ٣٧٣/٢). هەرچەندە مەلیک موعەززەم (٥٧٦-٦٢٤ک/١١٨٠/١٢٢٦ز) دەسەڵاتدار بووە بەڵام لە هەمان کاتدا هونەردۆست و ئەدەبدۆستیش بووە و پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ شاعیران نەپچڕاندووە هەروەک شاعیر (ابن عنين630ک/١٢٣٢زم) لە کاتی نەساغیدا، دوو بەیت شعری بۆنوسیبو:

انظر الي بعين مولى لم يزل　　　يولي الندى وتلاف قبل تلافي

أنا كالذي أحتاج ما تحتاجه　　　فاغنم ثوابي والثناء الوافي

ئەویش ئەمەکداری خۆی نیشاندابوو بەسەردانیکردنی و کیسەیک پارەی پێبەخشیوە کە سێ سەد دیناری تێدابووە و پێیگوتووە: ((ئەوە دۆستایەتی و پەیوەندی ڕەحمە)) (ابن خلكان،١٩٩٨، ٤٣٥/٣)، مەلیک ئەشرەفیش سەرنجی ئەدیبان و شاعیرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، بە تایبەتیش (ضياءالدين٦٣٧ک/١٢٣٩ز م)، کە گشت هۆنراوە و پەخشانەکانی خۆی لە بەرگێک کۆکردبووە و پێشکەش بە مەلیک ئەشرەفی کردبوون، ئەویش ڕێزێکی زۆری لێناوە. (ابن خلكان،١٩٩٨،٥٧٠/٤)

ئەم دیاری و بەخشینەی ئەیوبییەکان تەنها لە کاتی شێنەییدا نەبووە، بەڵکو لە کاتی نەساغیش دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکان شاعیران و ئەدیبانیان فەراموشنەکردووە، بە تایبەتیش لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٧ز) کە مەلیک کامل

نەخۆشدەکەوێت و بڕیاری ئامادەکردنی سفرە خوانێکی گشتگیریدابوو و لەم بۆنەیەدا پۆشاکی نایاب و دیاری پێشکەش کردووە، ئەدیبان و شاعیرانیش بە هۆنراوەکانیانەوە ستایشیان کردووە، لەوانەش (ابن النابلسي٦٦٠ک/١٢٦١زم) شاعیر هۆنراوەیەکی بۆ خوێندبووەوە، وا دەردەکەوێت کە ئەویش زۆر سەرسام بووە بەم پارچە هۆنراوەیە، بۆیە لەبری هەر دێڕێک سەد دیناری پێبەخشیوە. (الدواداری،١٩٧٢، ٣٢٧/٧)

**ئەنجامەکان**

١/ بەخشین و دیاری لە دەوڵەتی ئەیوبیدا ببووە هۆی خوشەویستی و لەیەکتر نزیکبوونەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە بنەما پیرۆزەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کە لەم بوارەدا هانی موسڵمانانی داوە، چونکە دەوڵەتی ئەیوبیش بەشێک بووە لە درێژەپێدەری دەسەڵاتی ئیسلامی.

٢/ ئەم بەخشین و دیارییانەی کە دەسەڵاتدارانی ئەیوبی پێشکەشیان کردووە، ببووە هۆی ئەوەی کە ڕوویەکی بێگەردی جوانیی دەسەڵاتداران نیشانبدات لەنێو کۆمەڵگادا و ببێتە جێگای دروستبوونی پردی متمانە لە نێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵگادا.

٣/ پێشکەشکردنی دیارییەکان و بەخشینەکان تەنها تایبەت نەبووە بە پارە و زێڕ، بەڵکو کاڵای تری بەهاداریشی لەخۆگرتبوو، وەک پۆشاکی شاهانە و ئەسپ و کەلوپەلی سەربازی و مروڤ و خشڵ و بەردی گرانبەها (الاحجار الكريمة) و ڕازاندنەوەی سفرە و خوان.

٤/ ئەم ڕەوشتە مرۆڤدۆستانەیە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕەنگیدابووەوە بە تایبەتیش بە پێشکەشکردنی دیاری و بەخشین وەک لە بۆنەکانی هاوسەرگیری و منداڵبوون و سەرکەوتنەکان و پیرۆزباییکردن لە سەرکردەکان.

٥/ ئەم بەخشین و دیارییانە وەک هاندەرێک وابووە بۆ ئەوەی کە زاناکان و ئەدیبان و شاعیران هەردەم لە پێشبڕکێدابن بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی زانست و داهێنانیان و پێشکەشکردنی شاکاری بەنرخ، بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەیوبی هەردەم ڕۆڵی ئەوانەیان فەرامۆش نەکردبوو لە

پێشکەشکردنی دیاری و بەخشینی شایستە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەئاگابێتەوە و ئاستی زانست بەرزبێتەوە.

٦/ بەخشینەوەی دیاری لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی خۆیان بە تایبەتی بۆ ئافرەتەکانیان کاریگەری دیار و بەرچاوی هەبووە لەسەر پێشکەوتنی شارستانی و بنیادناندا بە تایبەتی لە ئەوقاف و قوتابخانە و چەندین دامودەزگای خێرخوازی کە بەهۆی زۆریی ئەو بڕە دارایییەی لە دیارییەکان دەستیاندەکەوت، ئافرەتەکانیان لەو بنیادنانانەدا خەرجیاندەکرد.

٧/ لەمیانەی تێڕامان لە دەقەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە بەهۆی ئەو دیاری و بەخشینە زۆرەی میر و دەسەلاتدارە ئەیوبییەکان گەلێکجار خەزێنە توشی مایەپووچبوون دەبوو ماڵ و دارایییەکی زۆر بە فیڕۆ دەچوو.

## پەراوێز

(١)نورالدين ارسلان شاه: کوڕی عزالدين مسعود ئەتابکی شاری موصل بوە، لەساڵی ٥٩٠ک/١١٩٢ز لەدایکبووە، لە ساڵی ٦٠٧ک/ ١٢١٠ز کۆچی دوایی کردووە.(ابن طولون،١٩٨٠، ١٦٦/١).

(٢) فەرجيە:بريتيە لە پۆشاکێکی شۆڕ تا سەر پەنجەکانی پێی دەگرتەوە، بۆ منداڵی ساوا بەکاردەهات، بۆ پاراستنی لە مەترسی سەرمابوون. بڕوانە، (القلقشندي،١٩٨٨، ٤٤٤/٤ )، ئەم جلە زانایان و قازيەکانيش پۆشيويانە کە لەسەرەوە تا خوارەوە بە قۆپچە داخاربوو. (دۆزي، ٢٠١٢، ص٢٩٠).

(٣)ياقوت: لە بەردە گرانبەهاکانە بۆ ڕازاندنەوەی خشڵ بەکارهاتووە، چوار ڕەنگی هەبووە، سوور و زەرد و شين و سپی، لە هەموويان بەنرختر سووربا وەکە بووە، لە چياکانی سيلان و مەکران بەرهەمهاتووە، کە لە سەردەمی خەليفە مەئمونی عەبباسی يەک مسقال ياقوتی سووربا وەکە بە هەزار دينار مامەڵەی پێکراوە. ( ابن الاکفاني،١٩٣٩ ،ص ص١،-٨).

(٤) بلخش: لە بەردە گرانبەهاکانە و تيشکدەر بووە، بە ناوی ئەو شوێنە کراوە کە لێی بەرهەمهاتووە(بلخشان) لە وڵاتی تورک کە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی چين. (القلقشندي،١٩٩٨، ١١١/٢).

(٥) زمرود: لەبەردە بە ناوبانگەکانە ڕەنگی سەوزی هەيە و شێوەی لاکێشەييە لە سەعيدی مصر بەرهەمهاتووە، جگە لەوەی بۆ جوانکاری بەکارهاتووە لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەری نەخۆشيش بەکاريانهێناوە، نيو مسقال (٢،٥) غرام بە هەزار دينار مامەڵەيان پێوە کردوە.(ابن الاکفاني، ١٩٣٩،ص٦).

(٦) صليب صلبوت: ئەوخاچە بووە کە لای خاچدروشمەکان زور پيرۆز بووە، وايان دانابوو کە عيسی لەو خاچە دراوە، بۆيە بە زێڕ ڕووکەشيان کردبوو و بە دوڕ و بەردی گرانبەها ڕازاندبوويانەوە. بروانە، ابن واصل، ١٩٥٧، ٢١٧/٢.

(٧) الرطل: پێوەرێک بووە بۆ کێشی کاڵا بەکارهاتوووە، بەڵام جێگیرنەبووە، لە هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، لە بەغدا هەر ڕەتڵێک بە ( ٢٤٦ , ٣٠٣ غرام) خەملێندراوە، لە حەلەبیش بە ( ٦١٦ , ١٦٧٩ غرام ) جێگیر کرابوو، لە قودس و خلیل و نابلسیش بە (٢٤, ١٨٦٦, غرام) مامەڵەی پێکرابوو، کۆمەڵی زانایانی ئیسلامیش یەک ڕەتڵیان بە ( ٥٩٨٤ , ٢٩٨ غرام)، جێگیرکردبوو. بڕوانە: ابو مصعب ،٢٠٠٧، ص ١٧٥-١٧٧.

(٨) عین تاب: قەڵایەکی بەهێز بوە ، لە نێوان شاری حەلەب و ئەنتاکیە، ئێستا سەر بە شاری حەلەبە. یاقوت الحموي،١٩٩٥، ١٧٦/٤.

(٩) ترس: کەرستەیەکی جەنگی بووە بۆ پاراستنی دەم و چاو بەکارهاتووە لە مەترسی بەرکەوتنی شمشێر و تیر، لە ئاسن و پێستە و هەندێک جاریش لە دار دروستکراوە. بڕوانە: (القلقشندي،١٩٩٨ ،١٥٢/٢).

(١٠) سقلات: جۆرە جلوبەرگێکی حەریری ڕەنگاوڕەنگی قورمزی نایاب بووە، بە ناوی شارێکی ڕۆم کراوە کە سەرچاوەی دروستکردنەکەی بووە، لە بەغداش ئەم جۆرە جلە دروستکراوە، (القلقشندي،١٩٨٨، ٥٤٦/٣).

(١١) ملك بازيان: بە ناوی بەلەدوین ئەبەلینی لە مێژودا ناوی هاتووە و دەسەڵاتداری ڕەملە بووە و یەکێک بووە لە سەرکردەکانی خاچدروشمەکان. ابن شاهنشاه ،٢٠٠٥، ص٤٣، هامش (١).

(١٢) قباء: جۆرە پۆشاکێکە لەسەرەوەی جلەکان دەپۆشرێت. (القلقشندي،١٩٨٨، ١٠/٤).

(١٣)شربوش: لە دوو بڕگە پێکهاتووە، شر واتە لە وشەی سەری مرۆڤ هاتووە، بۆش واتە پۆشین، واتە ئەو پۆشاکەی لە سەر دەکرێت. بروانە:( حسن حلاق و عباس صباغ،١٩٩٩، ص١١٣).

(١٤) عكا: شارێکی گەورەیە دەکەوێتە سەر کەنارەکانی وڵاتی شام. بڕوانە: ابو الفداء،١٨٤٠، ص٢٤٣.

(١٥) بلەور: جۆرە بەردێکە شێوەکەی لە خوێ دەچێت، لە پیشەسازیی شوشەدا سوودی لێدەبینرێت. بورانە: القلقشندي، صبح الاعشى،١٢٠/٢.

(١٦) یەشم: جۆرە کانزایەکی ڕەق و بەهێزە، ڕەنگی لە سپییوە بەرەو ژوور دەکشێت تا دەگات بە ڕەنگی سەوزی تۆخ. بڕوانە: القلقشندي، صبح الاعشى،١٢٦/٢، هامش(١).

(١٧) جامکیة: جامکیە: لە ڕووی زاراوەوە بە مانای پاداشتی زۆر و بڕینەوەی مانگانە دێت بەرانبەر بە کارێک کە کردویەتی، القلقشندی،١٩٨٨، ٥٢٤/٣، هامش ٤.

(١٨) محمد بن محمود بن صفی، زانای شەرع زان و پسپۆڕ لە زانستە شەرعیەکان وەک(الفقه،الاصول، المنطق،النحو)، تەنها بە خوداپەرستی و زانست بەخشین و دانانی کتێب خەریک بووە، بڕوانە: السیوطي،١٩٦٥، ٢/ ٢٧٠-٢٨٠.

(١٩)دیناری صوري: دراوێکی زێڕ بووە، سکەکەی لە شاری صور لێدراوە. بڕوانە: حسنين ربيع، النظم المالية في مصر زمن الايوبيين،١٩٦٤،ص٩٨.

## سەرچاوەکان

### أ ـ سەرچاوە سەرەکیەکان :


- ابن الأثير، (١٩٧٨): الكامل في التاريخ ، بيروت، دار الفكر.
- ابن الاثير،( ١٩٦٣): نهاية في غريب الحديث والاثر، القاهرة.
- الأصفهاني،(٢٠٠٤): الفتح القسي في الفتح القدسي، الدار المنار للطبع والنشر والتوزيع،القاهرة.
- ابن ابي اصيبعة،(د.ت): عيون الانباء في طبقات الاطباء، منشورات دارمكتبة الحياة، بيروت.
- ابن أياس،(٢٠٠٦) :جواهر السلوك في امر الخلفاء والملوك، دار الثقافة للنشر، الطبعة الاولى، القاهرة.
- ابن الاكفاني،محمد بن ابراهيم،(١٩٣٩):نخب الذخائر في احوال الجواهر، المطبعة العصرية مصر،القاهرة.
- البيهقي، (١٩٩٣): سنن الكبرى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
- ابن تغري بردي،(١٩٩٢): النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة ، دار الكتب العلمية، بيروت.
- ابن تغري بردي،(١٩٨٨): المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة.

- الحنبلي، ( ١٩٩٦): شفاء القلوب في مناقب بني أيوب ، مكتبة الثقافة الدينية، بورسعيد .
- ابن خلكان ، (١٩٨٨): وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، دار الكتب العلمية، بيروت.
- الدواداري، (١٩٧٢): كنز الدرر وجامع الغرر، ج٧،دار إحياء، الكتب العربية، القاهرة .
- الذهبي، (٢٠٠١):تاريخ الإسلام ووفيات المشاهيروالأعلام، دار الكتاب العربي، بيروت.
- سبط ابن الجوزي، (٢٠١٣):مرآة الزمان في تاريخ الأعيان، دار الرسالة العالمية، دمشق.
- السبكي ، (١٩٦٨): طبقات الشافعية الكبرى، مطبعة عيسى الحلبي ،،(د.م).
- السيوطي ، (١٩٦٥) : بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، مطبعة عيسى الحلبى، (د.م).
- أبو شامة ، (١٩٧٤): الذيل على الروضتين، دار الجيل، الطبعة الثانية ،بيروت.
- ابوشامة، (٢٠٠٢)،الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، (٢٠٠٢) ،دارالكتب العلمية، بيروت.
- ابن شاهنشاه الأيوبي، (٢٠٠٥): مضمار الحقائق وسرالخلائق، الهيئه المصريه العامه للكتاب، القاهرة.

- ابن شداد،(٢٠٠٥) : النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية،الاوائل للنشر والتوزيع،دمشق.
- ابن الشعار،( ٢٠٠٥) : قلائد الجمان في فرائد شعراء الزمان، دارالكتب العلمية،بيروت.
- ابن طولون،محمد بن طولون الصالحي،(١٩٨٠):القلائد الجوهرية في تاريخ الصالحية،مطبوعات مجمع اللغة العربية،دمشق.
- ابن العديم ،(١٩٥١):بدة الحلب من تاريخ حلب، منشورات المعهد الفرنسي،بيروت.
- ابن العماد،(١٩٩٨): شذرات الذهب في أخبارمن ذهب،دارابن كثيرللطباعة والنشر،بيروت.
- العيني،(٢٠٠٧): عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان، مطبعة دار الكتب والوثائق القومية،القاهرة.
- الغساني، (١٩٧٥):العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك، دار التراث الاسلامي للطباعةوالنشر والتوزيع،، بغداد.
- أبوالفداء ،(١٩٩٧): المختصر في أخبار البشر، دار الكتب العلمية، بيروت .
- ابي الفداء،(١٨٤٠) :تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية، باريس.
- ابن الفرات،(١٩٧٠):تاريخ ابن الفرات، دار الطباعة الحديثـــة ، البصرة .
- ابن الفوطي،(١٩٣٢):الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، مطبعة الفرات، بغداد .

- القلقشندي ،(١٩٩٨): صبح الأعشى في صناعة الإنشاء،دار الكتب العلمية، بيروت.
- ابن كثير،(١٩٨٩):البداية والنهاية، دار إحيـاء التراث العربي، الطبعة الأولى، بيروت.
- ابن ماجة،(١٩٤٨):سنن ابن ماجة، دار احياء الكتب العلمية،بيروت.
- المقريزي،(١٩٩٧): السلوك لمعرفة دول الملوك،دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، بيروت.
- ابن نظيف الحموي ،(١٩٨١): التاريخ المنصوري، مطبعة الحجاز بدمشق،دمشق.
- النعيمي،(١٩٩٠): الدارس في تاريخ المدارس ، دار الكتب العلمية، بيروت..
- النويري،(٢٠٠٤): نهاية الارب في فنون الادب، دار الكتب العلمية، بيروت .
- ابن واصل،(١٩٦٠): مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، مطبعة دار القلم،القاهرة.
- الجزء الثاني،(١٩٥٧): مطبعة الاميرية، القاهرة.
- الجزء الرابع،(١٩٧٢) : مطبعة دار الكتب، القاهرة .
- -الجزء الخامس،(١٩٧٧): مطبعة دار الكتب، القاهرة..

- مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، يؤرخ من اخر عهد الايوبي الى بدايات عصر المماليک،(٢٠٠٤)،المكتبة العصرية للطباعة والنشر، بيروت .

- ابن الوردي،(١٩٦٦):تتمة المختصر في أخبـار البشر، دار الكتب العلمية، بيروت .

- ياقوت الحموي، (١٩٩٥):معجم البلدان، دار صـادر،بيروت.

- ب ـ سەرچاوەی نوێ :

- احمدالاوتاني،(٢٠٠٧): دمشق في العصر الايوبي٥٧٠ـ ٦٥٨هـ /١١٧٤ـ١٢٦٠م،دمش.

- بدوي، احمد احمد امين(١٩٦٠): صلاح الدين الايوبي بين شعراء عصره وكتابه،دار القلم،بغداد.

- التكريتي،محمود ياسين احمد،(١٩٨١): الأيوبيون في شمـال الشـام والجزيرة، دار الرشيد للنشـر،بغداد.

- جمال الدين الشيال،(١٩٦٤):دراسات في التاريخ الاسلامي، دار ثقافة بيروت، الاسكندرية.

- حلاق، حسان و عباس صباغ ،(١٩٩٩): المعجم الجامع في المصطلحات الايوبية والمملوكية والعثمانية، دارالعلم للملايين، بيروت .

- حسنين،(١٩٦٤):النظم المالية في مصر زمن الايوبيين،مطبعة الجامعة،القاهرة.

- الحسيني ،عبدالعزيز محمد،(١٩٨٣)، الحياة العلمية في الدولة العربية الاسلامية، وكالة المطبوعات ، كويت.
- دوزي،رينهارت،(٢٠١٢):المعجم المفصل باسماء الملابس عند العرب،دار الحرية للموسوعات،بيروت.
- عاشور،،سعيد عبدالفتاح،(١٩٧٢): مصر والشام في عصر الايوبيين والممالك،دار النهضة للطباعة،بيروت.
- عبدالكريم توفيق العبود،(١٩٧٦): الشعر العربي في العراق من سقوط السلاجقة حتى سقوط بغداد، دارالحرية للطباعة،بغداد.
- عبداللطيف همزة،(١٩٦٨):الحركة الفكرية في مصر في العصرين الابوبي والمملوكي، دار الفكر العربي، القاهرة.
- العريني،السيد الباز،(١٩٦٧): الشرق الادنى في العصور الوسطى(الايوبيون)، دار الهضة العربية ،بيروت.
- ابو مصعب،محمد بن صبحى حسن،(٢٠٠٧):الايضاحات العصرية للمقاييس والمكاييل والاوزان والنقود الشرعية، الناشر مكتبة الجيل الجديد،ط١،
- هاشم،زكريا،(١٩٧٠):فضل الحضارة الاسلامية والعربية على العالم، مطبعة النهضة ،القاهرة.

**الملخص**

الهدف من هذا البحث هو اظهار التراث ومعجم المجتمع الايوبي في ذلك العصر الذي هم فيه كانوا حكاما، لكن ليسوا على أرض الكرد وانما في خارج حدودهم، وفي حكمهم هنالك المنح والهدايا المتنوعة بمناسبة الزواج والولادة وتنظيم العلاقات السياسية على المستويين الداخلي والخارجي بسبب انتصاراتهم والسلام الخارجي، والسلام الداخلي للاسرة الايوبية في حال توترعلاقاتهم فيما بينهم والاظطرابات الناجمة عن ذلك التوتر، ناهيك عن كل ذلك مكافئتهم للعلماء والادباء والفقراء في المناسبات. ومع اعمالهم هذه انهم لم يهملوا الطبقات المجتمعية الاخرى عن المنح والهدايا.

الكلمات الافتتاحية: الايوبي، الكرد، المنح، الهدايا، المناسبات، الانتصارات، العلماء.

**Abstract**

The aim of the study is to display the culture and life style in the era of Ayoubi ruling family on the lands other than Kurdistan. It tackles the Kurdish presents and gifts given in marriages, child births, political internal and external relationships.

Because of their dramatic victories they gained and peace they made during wars and peace on the lands in and out of the Ayubi family. Other than these, presents given to scholars, artists and deprived people in the ceremonies and celebrations, also the rest of the social ranks were not deprived from those gifts.

Keywords: Ayubi, Kurd, Charities, Gifts, Celebrations, Victories, and Scholars.



**نەخشەی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و وڵاتی شام**

١- العرينى: الشرق الادنى فى العصور الوسطى (الايوبيون).
٢- عاشور: مصر والشام فى عصر الايوبيون والممالك.
٣- التكريتى: الايوبيون فى شمال الشام والجزيرة.